ئەوژین

ژمارە (٢٠) شەمە ٢٠١٨/٧/٢٨

مانگنامەیەکی تایبەتە بە پرسەکانی ژنان، رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED ئەمریکی لەگەرمیان دەریدەکات



تاکە ژنە پەیامنێری تەلەفزیۆن لە گەرمیان

6««

# لەگەرمیان تۆمەتبارانی کوشتنی ژنان دەرباز دەبن




«نا بۆ کوشتنی ژنان»، تابلۆی شێوەکار: گولاڵە حەمید

▪ نەوژین

**سەرەڕای بونی سێ کەیسی کوشتنی ژنان لە سنوری گەرمیان، بەڵام تائێستا ئەو کەیسانە بە کراوەیی ماونەتەوە و هیچ کەسێک وەکو تۆمەتبار و ئەنجامدەری ئەو تاوانانە دەستگیر نەکراون.**

بەپێی بەدواداچونێکی هاوبەشی رۆژنامەی (نەوژین) و (یەکەی رۆژنامەوانیی مافەکانی مرۆڤ لە رادیۆی دەنگ)، لەماوەی ئەم ساڵدا ٣ حاڵەتی کوشتنی ژنان لە کەلار و کفری هەبوە، کە یەکەمیان کوشتنی ٢ خوشک بو لە کەلار و ئەوەکەی تریش دۆزینەوەی تەرمی ژنێک بو لە کفری.

ئەوەی ئەم کەیسانە تایبەت و جیاواز دەکات، ئەوەیە کە بکەر و تۆمەتبارانی ئەم تاوانانە دەستگیر نەکراون، بەڵکو تاوانێکیان تائێستا نە قوربانیەکە دەستنیشیان کراوە نە تۆمەتبارەکەش.

لەوبارەوە عەقید (لەمیعە محەمەد) بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە گەرمیان، بە (نەوژین)ی وت: کەیسی دو خوشکەکەی کەلار، تائێستا تۆمەتبارەکە دەستگیر نەکراوە و بە پێی زانیاریەکان هەڵهاتوە بۆ هەندەران.

وتیشی: کەیسی دوەم کە ژنێکە لە کفری، تاوەکو ئێستا ئەو ژنە نە ناسنامەی خۆی دەستنیشان کراوەو ناسراوەتەوە، نە تۆمەتبار و ئەنجامدەرانیشی.

لەوەڵامی ئەوەی چارەنوسی ئەو کەیسانە چۆن دەبن؟ بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە گەرمیان، ئاماژەی بەوەکرد: «ئەو کەیسانە بە کراوەیی ماونەتەوە و لێکۆڵینەوە تێیاندا بەردەوامە».

لایخۆشیەوە (ڤیان سابیر) چالاکوانی ژنان، رەخنە لە حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەگرێت و پێیوایە ئەم واقیعە حکومەت دەخاتە ژێر گومان و بەرپرسیارێتی زیاترەوە.

بۆ (نەوژین) وتی: نەدۆزینەوەی تۆمەتبار و ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانە، دەرخەری ئەوەیە کە کەیسەکانی کوشتنی ژنان بەشی پێویست بەهەند وەرناگیرێن.

## ئەو خوێندنەی سودی بە کچانی لادێنشین نەگەیاند

8««





ئیتر شیرین تەشی ناڕێسێت

3««



کچێک قۆرغکاریی پیاوان لە بازاڕ تێکدەشکێنێت

5««



دایکان لە ماوەی زەیسانی دا چی بکەن؟

10««

# لەگەرمیان لە کوشتن هەڵهات و لە سلێمانی خۆی کوشت



■ نەوژین

**کاتێک هەواڵی سەرنەکەوتنی کەیسەکەی لە دادگا پێدەدەن، (ک) هیچ شتێک لە خۆکوشتن بەگونجاوتر نازانێت، دوای ئەوەی بێهیوا بو لەوەی بە یاسا کێشەکەی بۆ یەکلا بکرێتەوەو ژیانی ئاسایی خۆی دەستپێبکاتەوە، هەربۆیە بڕیاری خۆکوشتن دەباتە سەر و لە ئێوارەیەکی حوزەیران دا بۆ هەمیشە ژیان جێدێڵێت.**

رۆژی ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠١٨، لە ماڵی داڵدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراو لە سلێمانی، کچێک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. ئەم کچە خەڵکی گەرمیانەو لەترسی هەڕەشەو مەترسیی کوشتن و ئازاردانی، پەنای بۆ ئەو ماڵی داڵدەدانە بردوە، بەڵام دوفاقیی کارەساتی خۆکوشتنی ئەم کچە لەوەیە، کە ئەو لەکاتێکدا و پێش کەمتر لە ساڵێک و لەترسی خۆکوشتن پەنای بۆ ماڵی داڵدەدان لە سلێمانی بردوە، بەڵام ئەمجارە خۆی مەرگی کردە بژاردەو چارەنوس.

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی دا رۆژێک دوای روداوەکە، عومەر گوڵپی، بەرێوبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سلێمانی، دەربارەی ئەم روداوە، رونکردنەوەیەک بۆ رایگشتی بڵاودەکردەوە.

لەرونکردنەوەکەدا دەڵێت: «بەخەم و پەژارەوە رایدەگەیەنین سودمەندی ماڵی داڵدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراوی سلێمانی، هاوڵاتی (ک.ح) سەعات (٢ بۆ ٣)ی پاشنیوەڕۆی یەکشەممە، ٢٤ی ٦ی ٢٠١٨، بە روداوی خۆکوشتن گیانی لە دەستدا».

رونیشیدەکاتەوە: قوربانیەکە لەدایکبوی (١٩٩٢)ی شاری کەلارە و دانیشتوی سنوری قەزای کەلارە.

چیرۆکی روکردنی ئەم کچە لە ماڵی داڵدەدانی سلێمانی، لەوەوە دەستپێدەکات کە کچەکە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی گەورەی هەبوە کە ترساوە بەهۆیەوە ژیانی لەدەست بدات، هەربۆیە پەنای بۆ دادگا و لەوێشەوە بۆ ئەم ماڵی داڵدەدانە بردوە.

بەوتەی بەرێوبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سلێمانی کە ماڵی داڵدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراوی سلێمانی لەژێر دەسەڵاتی ئەواندایە، ئەم کچە «لە بەرواری ٢٧ی ٩ی ٢٠١٧ لەسەر داوای خۆی و بە فەرمانی بەڕێز دادوەری لێکۆڵینەوەی کفری لە (٢٦ی ٩ی ٢٠١٧)، لە رێگەی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی گەرمیان بەدەستمان گەیشتوە، پەنای هێناوەتە ماڵی داڵدەدان بۆ ئەوەی داڵدە بدرێت و بپارێزرێت لەو هەڕەشەیەی لەسەر ژیانی هەیە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە».

بەپێی بەدواداچونەکانی (نەوژین)، ئەم کچە سکاڵای لەسەر پیاوێک تۆمارکردوە کە ئەویش دانیشتوی گەرمیانە بەو تۆمەتەی دەستدرێژی کردوەتەسەری و هەڵیخەڵەتاندوە بەوەی هاوسەرگیریی لەگەڵ دەکات، بەڵام کاتێک دڵنیا بوەتەوە لەوەی پیاوەکە نایخوازێت، بۆیە ئەویش پەنای بۆ دادگا و پۆلیس بردوەو پیاوەکەش دەستگیر کراوە.

لە ماوەی ئەو نۆ مانگە دا، کچەکە دۆسیەکەی لەدادگا بوەو خۆیشی بە فەرمانی دادوەر گوازراوەتەوە بۆ ماڵی داڵدەدان، بەو ئومێدەی دادگا مافی بۆ بگەڕێنێتەوەو ژیانی ئاسایی بۆ دەستەبەر بکاتەوە، بەڵام کاتێک دوای ئەو ٩ مانگە ئاگادار دەکرێتەوە کە کەیسەکەی لە دادگا سەرکەوتو نەبوە، بێئومێدیی باڵی بەسەردا دەکێشێت و بڕیاری خۆکوشتن دەدات و بڕیارەکەشی دەباتە سەر.

بەوتەی بەرێوبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سلێمانی، ئەو کچە لەماوەی ٩ مانگی داڵدەدانی دا «هەمو ئەوەی پێویستە بە پێی توانا بەردەستەکانی ماڵی داڵدەدان بۆی ئەنجامدراوە، لە دابینکردنی شوێنی مانەوە و پێویستیە سەرەکییەکانی ژیان و بەدواداچونی تەندروستی و دابینکردنی پارێزەر بۆ کێشەکەی لە دادگا و هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی گەرمیان بۆ چارەسەری کێشەکەی».

بەڵام بەوتەی خۆیان ئەم رێوشوێنانە هیچیان ئومێدیی ژیانیان پێنەداوە

بەهۆی بێهیوابونی لەچارەسەری کێشەکەی، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا

کاتێک هەواڵی شکستی کەیسەکەی لە دادگاوە پێگەیشتوە «بەڵام بەهۆی بێهیوابونی لەچارەسەری کێشەکەی و بیستنی هەواڵی سەرنەکەوتنی کێشەکەی لە دادگا، بەرواری ٢٤ی ٦ی ٢٠١٨، لە پاش دەوامی فەرمی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە».

بەرێوبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سلێمانی، دەشڵێت: «روداوەکە پاشئەوە رویداوە کە بەرپرس و ستافی ماڵی داڵدەدان هەوڵی تەواوی خۆیان خستوەتەگەڕ بۆ هێوکردنەوەی قوربانیەکە و بڕواپێهێنانی بە چارەسەری کێشەکەی و هەوڵی دوبارە لە دادگا تێهەڵچونەوەی و بەخەمەوەبونی پارێزەرەکانی بۆ چارەسەری کێشەی، هەروەها بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی ئەوەی لە توانایاندابوەو ئەرکیان بوە بۆ ئەو دۆسیەیە ئەنجامیانداوە».

بەڵام وادیارە (ک) چاوەڕێی ئەوەی نەکردوە ئەو یاسا و دادگایەی جارێک بێئومێد و هیوابڕاوی کردوە، جارێکی تریش بەهەمان دەردی بەرێتەوە، بۆیە بڕیاری خۆکوشتنی داوە.

---

## بەڕێوەبەری پرۆژەی (چارەسەری توندوتیژیی جێندەری و پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی):

# ژنانی گەرمیان حەزیان بە کار و چالاکی و فێربون هەیە




■ نەوژین

**ماوەی چەند مانگێکە لەنێو بینای سەنتەری گەنجانی کەلار، پرۆژەیەک بەناوی (چارەسەری توندوتیژیی جێندەری و پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی لە گەرمیان)، لەلایەن رێکخراوی یونیسێف بە هاوبەشیی رێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت (CDO) خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، کە بەشێکی بەرچاوی کارەکانیان مامەڵەکردنە لەگەڵ کەیسەکانی توندوتیژی دژ بە مێینەو پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتی قوربانیان.**

لەمیانەی دیدارێکی تایبەت دا، سەرکەوت جەلیل، بەڕێوبەری پرۆژەکە، ورد تر لەسەر ئامانج و کارەکانیان قسە دەکات.

*** سەنتەرەکەی ئێوە چی دەکات بۆ ئەوەی بەشدار بێت لە کەمکردنەوەی توندوتیژیی و جیاکارییە رەگەزییەکان؟**

کاری ئێمە بۆ چارەسەرکردنی کەیسەکانی توندوتیژیی جێندەری و پاڵپشتیی دەرونی و کۆمەڵایەتییە، دیارە جێندەریش لە بنەڕەتدا مانای هەردو رەگەزەکە دەدات، بەڵام بەو پێیەی لە واقیعی کۆمەڵگەی خۆماندا زیاتر ژنان باجی جیاکاریی جێندەری دەدەن، بۆیە پرۆژەکەی ئێمەش تەرکیزی لەسەر ئەوانە.

ئێمە لە چەند ئاستێکدا و بە چەند شێوەیەک کار دەکەین، لەلایەکەوە لەگەڵ خەڵک، لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ رێکخراو و پرۆژە پەیوەندیدارەکان بەم بوارەوە، هەروەها لەگەڵ فەرمانگە حکومییەکانیش.

پرۆژەکەمان بە پلەی یەکەم بۆ خەڵکی گەرمیانە، ئینجا ئاوارە و پەنابەران.

*** کاری ئێوە و چالاکیەکانتان چین؟ ئایا هەر کاری ئۆفیسیی کە پێشوازیکردنە لە کەیس و حاڵەت، یان چالاکی مەیدانیشتان هەیە؟**

کرۆکی کارەکانی ئێمە وەرگرتنی کەیسەکانی توندوتیژی دژی ژنانە، کە لە رێی توێژەرە دەرونیی و کۆمەڵایەتییەکانمانەوە هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدەین، تا هیچ نەبێت قوربانییەکان بتوانن متمانە بە خۆیان بکەنەوە و ئەو دۆخە دەرونی و کۆمەڵایەتییە سەختەی بە دەستییەوە دەناڵێنن، تێبپەڕێنن.

جگە لەوەش سیمینار، هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە، خولی پیشەیی و سیمیناری تایبەت بە کچانی نەوجەوانیشمان هەیە، مەبەستیشمان لەم کارانە ئەوەیە کە تاکەکان لەبارەی ماف و ئەرکەکانی خۆیان هۆشیار ببنەوە، چونکە لەو رێگەیەوە دەشێت توندوتیژییش کەمتر ببێتەوە.

*** ساڵانێکە سەنتەر و ناوەندی جۆراوجۆری تایبەت بە پرسی توندوتیژی و جیاکاری رەگەزی دەکرێتەوە، بەڵام وەک چالاکوانان ئاماژەی بۆ دەکەن کێشە ئەوەیە کە ژنان کەمتر رو لەم سەنتەرانە دەکەن و پشتی پێدەبەستن، ئایا ئێستاش رەوشەکە وایە؟**

ئێمە لە سەرەتای مانگی تەموزەوە دەستمان بەم پرۆژەیە کردوە، لەوانەیە تارادەیەک وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە قورس بێت بۆمان. بەڵام بەگشتی ئەوەی تێبینیمان کردوە، ژنان حەزیان بە کار و چالاکی هەیە، ئارەزوی دەرچون و بەشداری و فێربون دەکەن. لەوانەیە هەندێک بەربەستیان هەبێت، چ ئابوری یان کۆمەڵایەتی، ئەگینا لە زەمینەیەکی رەخساودا ژنان هیچیان لە پیاوان کەمتر نابێت.

ئێمە ئەگەر ئاستی بەشداری و بەدەمەوەهاتنی ژنان و کچانیشمان بە لاوە کەم بێت، سارد نابینەوە، چونکە لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە کار دەکەین کە ئەم واقیعە بگۆڕین و دۆخی ژنان لەوەی ئێستا هەیە، باشتر بکەین.

*** زۆرترین گرفت ئەوەی پەیوەندی بە بواری کاری ئێوەوە هەبێت چیە؟ واتا ئەو پنتە زەق و دیارانە چین کە لە مەسەلەی جیاکاریی و توندوتیژی رەگەزیی دا خۆیان دەبیننەوە؟**

بۆ ئەم پرسیارەیان هەم دەبێت ئاوڕێک لە سیستەمی یاسایی و سیاسیمان بدەینەوە، هەم لە سیستەمی کەلتوریمان. هۆکارەکانی جیاکاریی جێندەرییش هەر لەمانەدا خۆیان دەبیننەوە.

قورسترین بەشی کارکردن لەسەر پرسی مافەکانی مرۆڤ بەگشتی و یەکسانیی جێندەری بەتایبەتی، لە پێکەوەگونجاندنی ئەم پارچانەدایە. بۆ نمونە، ئێستا لە هەرێمی کوردستان و لە ئاستی یاسا و رێسا فەرمییەکانی تایبەت بە مافەکانی ژناندا، چەند هەنگاوێک لە پێش عێراق و ئێرانەوەین، لە پێش سعودیە و زۆرێکی تر لە وڵاتە عەرەبییەکانەوەین، بەڵام زەینییەتی خەڵکمان، تێڕوانینمان بۆ بون و رۆڵ و پێگەی ژن، لە ئاستی یاساکانی خۆماندا نییە.

*** کەوایا لەو روەوە چی بکرێت باشە؟**

پێش هەمو شتێک گرنگە لە سیمینار و کەمپەینەکانماندا دەست بخەینە سەر هۆکارەکان، سەر ئاین، ئابوری، دەوڵەت، خێڵ، هێزی بازو و چەند بابەتێکی تریش، کە بەبێ گۆڕینی ئەوانە، گۆڕینی واقیعی ژنان ئاسان نابێت. بەڵام نابێت سارد ببینەوە، چونکە رێگەکە لەوە سەختتر و درێژترە کە زۆرێکمان بیری لێ دەکەینەوە. بۆیە دەبێت زۆرترین کەس، زۆرترین حیزب و رێکخراو و گروپ و دەزگای راگەیاندن خزمەتی پرسی ماف و یەکسانی بکەن، چونکە بەبێ کاری هاوبەش و پێکەوەیی، سەرکەوتن قورسترە.

# ئیتر شیرین تەشی ناڕێسێت



**▪ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل**

**کارێک کە بەتەواوی تایبەت بوە بە ژنان لە رابردوی کوردەوارییی دا، تەشی رستن بوە، کاتێک ژنان لەرێگەی ئامێرێکی سادەوە هەستاون بە کاری رستنی خوری و دواتر بەرهەمەکەیان بۆ دروستکردنی بەرهەمی دیکە بۆ ناو ماڵ یان فرۆشتن، بەکارهێناوە.**

تەشی رستن کارێکی کۆنی کوردانەیە ئافرەتانی کورد پێوەی خەریک بون، بەڵام لەگەڵ بەرەوپێشچونی کۆمەڵگا و داهاتنی تەکنۆلۆژیای نوێ، وەکو زۆرینەی پیشە کەلتوریی و کۆنەکان، ئێستا بێ برەو کەوتوە و زۆر بەدەگمەن ژنان ئەنجامی دەدەن.

بەڵام ئایا ئەم کارە خۆی چییەو چۆن کراوە؟ سودەکانی بۆ خودی ژنان و خێزانەکانیان چی بون؟

عاسمە عەبدوڵڵا، ٧٠ساڵ، یەکێکە لەو ژنانەی گەرمیان کە زۆرکاری تەشی رستنی کردوە. وردەکاریی کارەکەیان بۆ (نەوژین) بەشێوەیە دەگێڕێتەوە «خوری (موی ئاژەڵ)ەکەمان دەهێنا، دەمانشۆردەوە و دواتر شیمان دەکردەوە بڕبڕ داماندەنا تا وشک دەبوەوە».

وتیشی: «دوای ئەوەی خوریەکە وشک دەبێتەوە، دەماندا لە تەشیی و لەورێگەیەوە باریکمان دەکردەوەو دەمانکرد بە داوەبەن».

مەبەست لە داوەبەن، دو ئاسنە کە دەکوترا، خوریە باریکەکە بەدەوری دو ئاسنەکە دەسوڕدرایەوە.

ئەم خوریە کە رستراوە بۆ دروستکردنی بەرهەمی تر بەکارهێنراوەو چنراوەتەوە، ئەمەش بەزۆری بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی ناوماڵ بوەو هەندێکجاریش بۆ فرۆشتن.

عاسمە، وتی: «خوریە رستراوەکە دواتر دەچنرا و بۆ دروستکردنی بەرهەمی وەکو: مافور و بەرماڵ و مەوج و هۆڕ بەکارهێنراوە».

> خوریە رستراوەکە دەکرێتە مافور و بەرماڵ و مەوج و هۆڕ

ئەم پیشە دەستیەی ژنان، تا چەند دەیەی رابردوش بەردەوام بوە، بەتایبەتی لەدوای راپەڕین و بەهۆی گەمارۆی ئابوریی دوسەرەوە لەسەر هەرێم، زۆرێک لە ژنان دەستیان دایەوە بە تەشی رستن و لەرێگەیەوە کەلوپەلی چنراویان بۆ خێزانەکانیان دروست دەکرد، یاخود بەنە رستراوەکانیان دەفرۆشتەوە، بەمەش داهاتێکی مادییان بۆخۆیان پەیدا دەکرد و دەستگرۆییەکی باشی دارایی خێزانەکانیان دەکرد.

حەیات عەبدولڕەحمان، ٤٥ ساڵ، لە ساڵانی گەمارۆی ئابوری دوای راپەڕین کەخۆی بە «گرانیەکە» ناوی دەبات، بەشێکی زۆری کاتی خۆی بە تەشی رستنەوە خەرج کردوە.

وتی: «نەبونی و دەستکورتی هۆکاری کارکردنمان بو».

باسی لەوەشکرد: «چ بە تەشی رستن و چ بە چنینی قالی و بەرماڵ و فەرش، پارەیەکمان بۆ خێزانەکەمان کۆدەکردەوەو ژیانمان پێدەبرد بەرێوە».

بەڵام ئێستا تەشیەکان لە سوڕانەوە کەوتون و چیتر «شیرینەکان» لە لا رانیانی ناخشێنن و خوریی پێناکەن بە بەن، ئێستا شوێنی ئەم ئامێرە سادەو قەد باریکە بوەتە سوچی مۆزەخانە کەلەپوریەکان.

ئاوات عەلی، بەڕێوبەری مۆزەخانەی کەلەپوری گەرمیان، بۆ (نەوژین) وتی: «تەشی یەکێکە لە ئامێرە دێرین و کەلەپوریەکانی گەرمیان و کوردستان کە لە مۆزەخانەکەی ئێمەشدا بونی هەیە».

> ئێستا تەشی بۆ فیستیڤاڵە کەلەپوریەکان بەکاردەهێنرێت

باسیلەوەشکرد کە ئێستا بەکارهێنانی تەشیی گەشتوە بەوەی کە زۆرجار بۆ چالاکیی هونەریی و فۆلکلۆرییەکان، دەزگاو شوێنە جیاوازەکان بە خواستن دەیبەن و دواتر بۆیانی دێننەوە.

بەڵام ئەم ئامێر و ئەم پرۆسەیەش ئەگەرچی بۆ ژنانێک کە تەمەنیان هەیە و بەکاریان هێناوە جێگای سۆز و حەزە، بەڵام لە لای کچانی گەنج و نەوەی نوێ وەکو پێویست ناسراو نییە.

رۆشنا محەمەد، ١٩ ساڵ، ئەگەرچی خوێندکارە، بەڵام حەزی بە کاری دەستیی و بەرهەمی کوردەواریی هەیە. باس لەوەدەکات بەهۆی هاتنە ناوەوەی بەرهەمە دەرەکیەکانەوە، ئەو بەرهەمانەی ژنانی کورد لەوێنەی تەشی، لەناوچون و جێگەی گرنگیی پێدان نین.

وتیشی: «ئەگەر هێنانی بەرهەمی دەرەکیی سنورداربکرێت و بازاڕێک بۆ بەرهەمە ناوخۆییەکان دروستبکرێت و هاوکاری ژنانی پیشەوەر و دەسترەنگین بکرێت، بێگومان ئەو کەلەپورە دیسان زیندو دەبێتەوە».

---

# چی لەبارەی هیزە و مەشکەوە دەزانیت؟

**▪ نەوژین، زریان محەمەد**

**دو لە دیارترین ئەو کەرەستە کوردەواریانەی ژنانی گەرمیان لە رابردو و تائێستاش بەدروستکردنی هەستاون، (مەشکەو هیزە)یە، ئەم دو کەرەستەیە کەلە پێستی ئاژەڵ دروست دەکرێن، یەکەمیان بۆ هەڵگرتن و دروستکردنی دۆ و کەرە سودی لێبینراوەو دوەمیشیان بۆ هەڵگرتنی رۆنی کوردیی.**

لەمیانەی ئەم راپۆرتەوە، لەسەر زاری دو ژن کە تائێستاش ئەو دو کەرەستەیە دروست دەکەن، وردەکاری چۆنیەتی دروستکردن و سودبینین لە مەشکەو هیزە دەخەینەڕو.

### هیزە، تەنەکەی رۆنی کوردەواریی

نەسرین ئیبراهیم، ٥٣ ساڵ، دانیشتوی ناحیەی رزگارییە، سەبارەت بە دروستکردنی هیزە بۆ (نەوژین) دەڵێت: هیزە لە پێستی حەیوانی بچوک واتە (بەرخ) دروست دەکرێت، کاتێکیش ئەم پێستە دەردەهێنرێت نابێت بیدڕێنن، بەڵکو دەبێت بە دەست کەنی بکەن و دواتر لە ملی ئاژەڵەکەوە پێستەکە بە ساغی دەر بکەن، دواتر ئەم پێستە ئەخرێتە لایلۆنەوە بۆ ماوەی هەفتەیەک و لە شوێنێکی گەرم دا ئەنرێت بۆ ئەوەی بە ئاسانی توکەکەی لێبێتەوە.

وتیشی: دوای ئەوەی کە توکەکەی لێکرایەوە، ئەخرێتە ناو ئارد و خوێوە بۆ ماوەی هەفتەیەک، دوای ئەوە دا ئەتاشرێت بە چەقۆ و ئەو ئاردو خوێیەی لێ ئەتەکێنرێت، دیسان ئەخرێتەوە ناو ئارد و خوێ بۆ ماوەی هەفتەیەکی تر، کە ئەم بەشەی تەواو بو هەویری بۆ دروستدەکرێت و دەخرێتە ناو هەویر بۆ ماوەی سێ رۆژ، ئەمەش بۆ نەرمکردن و قایمکردنی ئەو هیزەیەیە.

وەک (نەسرین) باسی لێوە دەکات، دوای ئەوەی کە هیزەکە خۆشە کرا کەرەی بۆ گەرم دەکەی و بۆی تێدەکەی بۆ ماوەی سێ رۆژ، دوای ئەوە دۆشاوی خورمای تێدەکرێت بۆ ماوەی هەفتەیەک.

هەر دوابەدوای ئەوە سێ رۆژ بە بەردەوامی هەوای تێدەکرێت و دەمەکەی دەبەسترێت، هەر دوای ئەو سێ رۆژە هەواکەی دەردەهێنرێت و دیسان دۆشاوی تێدەکرێتەوە و دەخرێتە خامی سپیەوە و هەڵدەگیرێت تا ئەو کاتەی رۆنی تێدەکرێت، دوای ئەوەش سەردەستەکانی بە پەڕۆ ئەبەسترێت و خوارەکەشی بە پارچەیەک لە خۆی بە دەرزی ئەدورێنرێتەوە.

لەبارەی سودەکانی هیزەوە، (نەسرین) وتی: ئەو رۆنەی لە کەرە دروستدەکرێت، دەکرێتە هیزەوە و دەتوانرێت بۆ ماوەیەکی زۆر تێیدا هەڵبگیرێت، تەنانەت ئەگەر ماوەکەشی بگاتە (٥) ساڵ هەر خراپ نابێت هەرچەند لە شوێنی گەرمیش دابنرێت.

### مەشکە، مەکینەی دۆ و کەرە!

بە هەمان شێوەی هیزە، مەشکەش خۆشە دەکرێت، بەڵام جیاوازتر لەوەی کە بخرێتە هەویرەوە، مەشکە دەخرێتە جەوتەوە.

سەبری حەمەمین، ٦٠ ساڵ، دانیشتوی گوندی سەیدەی سەربە ناحیەی سەرقەڵایە، سەبارەت بە دروستکردنی مەشکە بۆ (نەوژین) دەڵێت: «بە هەمانشێوەی هیزە، مەشکەش هەر لە پێستی ئاژەڵ بەڵام گەورەتر (کاوڕ و بزن) دروستدەکرێت، لەبری هەویر ئەم دەخرێتە جەوتاوەوە و تیایدا دەکوڵێنرێت و پاش کوڵاندنی بۆ ماوەی هەفتەیەک هەر لە جەوتاوەکە دەهێڵرێتەوە کە مادەیەکی جیرپاوی تام تاڵی رەنگ تۆخە، هەر ئەم مادەیەشە کە رەنگی مەشکە قاوەیی دەکات.

وتیشی: لە دوای ئەوەی لە جەوتاو دەرئەهێنرێت توێکڵی هەناری بۆ ئەهاڕدرێت و پێوەی ئەکرێت تا وشکدەبێتەوە لە بەر خۆر دا ئەنرێت هەرپێوەی دەبێت و هەڵدەگیرێت تا کاتی ژەندنی ماست تێیدا.

باسیلەوەشکرد: لە دوای تەواو بونی، لۆلەپی لێدەبەسترێت کە بەدار بۆی دروست دەکرێت و سەر دەستەکانی پێوەی ئەبەسترێت، دواتر ناو نێرکێک لەگەڵ سێپا هەر بە دار بۆی دروست دەکرێت لەگەڵ پەتێک بۆ هەڵواسین بۆ ئەوەی ماستی تێدا بژەندرێت.

مەشکە بە چەقو دا ئەتاشرێت و دیسان توێکڵی هەنار و خوێی پێوە دەکرێتەوە، هەروەها هەمو هەفتەیەک دەتوانرێت بشۆردرێت، ئەمەش پێچەوانەی هیزەیە کە ناشۆردرێت.

سەبارەت بەوەی مەشکە سودی چیە و چی لێ بەرهەم دەهێنرێت، سەبری باسیلەوەکرد: بەشێوەیەکی سەرەکی دۆ و کەرەی لێبەرهەم دێت کە بەو دو خواردنەش هی تر دروست دەکرێت وەکو: کەشک و دۆینە.

وتیشی: جگەلەوەش مەشکە دەتوانرێت وەکو شوێنێک بۆ هەڵگرتنی دۆ بەکاربهێنرێت، چونکە ماوەیەکی زۆر دۆی تیا دەبێت و خراپ نابێت، ئەمەش لە زەمانی زو دا زیاتر بەکار دەهێنرا، چونکە کارەبا نەبو، لەگەڵ ئەوەش ئەو دۆیەی تێدایە سارد دەبێت.



# وەرزی خوێندن تەواو بو، قوتابخانەی هاوینە دەستی پێکرد




■ نەوژین،
ژینۆ عەلی- ئاسیا حسێن

**پۆلەکانی فێرکردن و راهێنان بۆ (لیا) ی تەمەن ١١ ساڵان، بەتەواوبونی وەرزی خوێندن کۆتایی نایات، چونکە ئەو هاوینان و لە پشوی قوتابخانەدا، لەلایەن خێزانەکەیەوە دەخرێتە بەر خولەکانی هاوینە، ئەمەش وایکردوە لە کەشی خوێندن دانەبڕێت و وەکخۆی وتی: «ئاستی خوێندنم بەرز بێت».**

خولەکانی هاوینە کە لەلایەن پەیمانگا و سەنتەرە تایبەتەکانەوە دەکرێنەوە، لەگەرمیاندا چەند ساڵێکە برەوی پەیدا کردوە، هەر ئەمەشە وایکردوە ژمارەی ئەو سەنتەرانە زۆرتر بێت، هەروەک ژمارەی مناڵانی فێرخواز و بەشداری سەنتەرەکانیش زیاتر بن.

ماریا ناسر، مامۆستای کۆرسە هاوینەکان، جەخت لەم زیادبونە لە رێژەی مناڵانی فێرخواز دەکاتەوە و بۆ (نەوژین) وتی: «مناڵێکی زۆر لە خولەکانماندا ناو دەنوسن و بەدڵی خۆیان کۆرسی دڵخوازی خۆیان هەڵدەبژێرن، ئەم خولانە لەگەڵ ئەوەی مناڵەکان فێردەکەن، هۆکارێکیشن بۆ یاری کردن و کات بەسەربردنی مناڵەکان لەنێو هاوتەمەنەکانی خۆیدا».

ماریا، دان بەوەشدا دەنێت سەنتەرەکان خاڵیی نین لە کەموکورتی، بەڵکو وەکخۆی وتی: «هەندێکجار لەگەڵ ئەوەی شوێنەکە سنورداره و کۆرسەکەش دەستی پێکردوە، کەچی هێشتا سەنتەرەکان مناڵی زۆرتر ناونوس دەکەن و ئەمەش کەشێکی شڵەقاو دروست دەکات».

ئەڤین، ئەم هاوینە (سەهەند)ی کوڕی خستوەتە یەکێک لەو خولە هاوینانە، سەرباری ئەوەی بونی خولی هاوشێوە بە گرنگ دەزانێت، هاوکات پێیوایە کە زۆرجار رەچاوی باری دارایی خێزانەکان ناکرێت.

وتی: «هەندێکجار سەنتەرەکان رەچاوی باری دارایی خێزانی مناڵەکان ناکەن و ئامانجی بازرگانیان لەپشتە، بەڵام هێشتاش بۆ پتەوکردنی پێوەندی کۆمەڵایەتی مناڵ و دورخستنەوەی لەکات بەسەربردن لەنێو ماڵ و کۆڵاندا سودێکی زۆریان هەیە».

> هەندێکجار سەنتەرەکان رەچاوی باری دارایی خێزانی مناڵەکان ناکەن

وتیشی: «من هاوینان کوڕەکەم دەنێرمە کۆرسە هاوینەکان و پێمباشە لە پشوی هاویندا چەند هاوڕێیەکی تازە بناسێت و زانیاری فێر ببێت».

بەڵام (دایکی شیا)، هاوبۆچونی قسەکانی (دایکی سەهەند) نییە و بڕیاری داوە مناڵەکەی نەنێرێت بۆ هیچ کۆرسێک.

لەبارەی هۆکاری ئەمەشەوە پێی وتین: «پێمباشە کچە پێنج ساڵەکەم لە پشوی هاویندا پشو بدات و لەگەڵ خۆمدا لە ماڵەوە بمێنێتەوە وەک لەوەی بچێتە قوتابخانەیەکی هاوینە».

وتیشی: «هاوینی پار کچەکەم ناردە کۆرسە هاوینەکان، بەڵام ئەنجامەکەی بەدڵم نەبو، چونکە ئەوان جگە لە چەندین کێشەی هاتوچۆ و گۆڕینی مامۆستاکان، هێشتاش کۆرسەکان وانەی پەروەردەییان نەبو و کەمتر گرنگیان بە وانەی هونەر و پەروەردە دەدا».

بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی هاوینەش، بەشێک لە قسەکانی (دایکی شیا) دەسەلمێنێت.

هێمن عومەر، بەڕێوبەری قوتابخانەی هاوینەی گەشەپێدان، نایشارێتەوە هەندێکجار قوتابخانە هاوینەکان لە ئاست متمانەی دایک و باوکاندا نین.

وتیشی: «دایک و باوک دەبێت لە ئاستی زانستی و پەروەردەی سەنتەر و قوتابخانەکان دڵنیا بن پێش ئەوەی مناڵەکانیان ناونوس بکەن، چونکە تەنها ناردنی مناڵان بۆ خولێک بەس نیە، بەڵکو دەبێت دڵنیا بین لەوەی ئەو خولەی کە مناڵەکەمان بۆ ناردون لە دانیشتنی لە ماڵەوە بەسودترە».

بە رای توێژەرێکی دەرونی، ئەم خولانە دەتوانرێت سودی لێبببینرێت بۆ بەهێزکردنی ئاستی مناڵان.

نازدار قودرەت، بۆ (نەوژین) وتی: «قوتابخانە هاوینەکان هۆکارێکی باشن بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی مناڵ و ئاشناکردنی بە کۆمەڵگا و هاوڕێی تازە، لەگەڵ ئەمەشدا، کەشێکی زانستی بۆ مناڵان دەڕەخسێت تاوەکو تێیدا فێر ببن».

هاوکات پێشیوایە زۆرجار دایکان و باوکان بۆ ئەوەی ئەرکی مناڵەکانیان لەسەرشان کەم بێتەوە، لە خولەکانی هاوینە ناونوسیان دەکەن. وتی: «خولە هاوینەییەکان ئەرکی پەروەردە و فێرکردنی مناڵان دەگرێتە ئەستۆ و ئەرکی سەرشانی دایک و باوک کەمتر دەکاتەوە، بۆیە ئەوان کاتێکی زیاتریان بۆ دەمێنێتەوە بۆ کارەکانی تریان».

---

# کاریگەری دەمەقاڵەی دایک و باوک لەسەر دەرونی مناڵ

■ نەوژین، ئاسیا حسێن

**بیروڕای جیاواز و خۆنەگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی یەکتردا، لێک تێنەگەشتن و کارئاسانی نەکردن، هەمیشە دەبێت هۆکاری کێشە و دەمەقاڵە لە نێوان هاوسەرەکاندا. ئەگەر دەمەقاڵەکی کورت خایەن بو، ئەوا شتێکی ئاسایی و سروشتیە، بەڵام ئەگەر دەمەقاڵە و رەفتارە توندەکان بەردەوام بون، ئەوا مەترسی لەلای مناڵ دروست دەکات و دەبێتە هۆی نا ئاسودەیی و بێ متمانەیی مناڵەکان.**



هەرچەندە مناڵان لەدوای تەمەنی چونە قوتابخانەوە توانای تێگەیشتن لە کێشە و باسەکانی خێزانەکەیان هەیە و لە پێش ئەوەوە مناڵەکان گوێ بە کێشە و دەمەقاڵەی دایک و باوکیان نادەن، بەڵام دەرونناسەکان پێچەوانەی ئەوەمان پێ دەڵێن و ئەوە ئاشکرا دەکەن کە مناڵ هەر لە تەمەنی شەش مانگیەوە توانای تێبینی کردنی رەفتاری نێوان ئەندامانی خێزانەکەی هەیە، بەتایبەتی پێوەندی نێوان دایک و باوکی.

نەک تەنها مناڵەکان، بەڵکو لێکۆڵینەوەکان ئەوە ئاشکرا دەکەن کە تەنانەت هەرزەکارەکانی دوای تەمەنی نۆزدە ساڵیش، گرنگی زۆر بە شێوازی مامەڵەی نێوان دایک و باوکیان دەدەن و پێی کاریگەر دەبن. کەوایە دەبێت دایک و باوک ئەوە بزانن کە مناڵەکان هەر لە تەمەنی کۆرپەییەوە تاوەکو گەورە بون، کاریگەر دەبن بە مامەڵەی نێوان دایک و باوکیان.

نکوڵی لەوە ناکرێت کە دەمەقاڵە و توڕەبون بەشێکی دانەبڕاوی سروشتی مرۆڤە، بەڵام شەڕکردن بە پێش چاوی مناڵەوە دەتوانێت کاریگەری نەرێنی درێژخایەن لەسەر دەرون و هەستەکانی مناڵەکە جێ بهێڵێت. تەنانەت لە هەندێک وڵاتدا دەمەقاڵە و رەفتاری توندی دایک و باوک بە پێش چاوی مناڵەوە، بە دەستدرێژی و ئازاردانی مناڵ ناسێنراوە.

مەرج نیە مەبەست لە شەڕکردن بە پێش چاوی مناڵەوە، تەنها دەست بەرزکردنەوە لە یەک و ئازاردانی جەستەیی بگرێتەوە، بەڵکو تەنانەت گفتوگۆ توندەکان و وەڵامدانەوە ئازاربەخشەکان جۆرێکی تری شەڕکردنە کە دایک و باوک پێیانوایە مناڵەکە نایبیسێت.

دەمەقاڵەی دایک و باوک بەپێش چاوی مناڵەوە کۆمەڵێک کاریگەری نەرێنی لەسەر مناڵ جێ دەهێڵێت، کە دیارترینیان ئەمانەن:

١ .هەستکردن بە نەبونی ئاسایش و ئارامی لە ماڵەکەدا

ماڵەوە، بەهەشتی مناڵانە. تاکە هێلانە و پەناگەی ئەوانە. ئەوان دەیانەوێت هەمو ئەندامانی خێزانەکە یەکتریان خۆش بوێت و گرنگی بە یەکتر بدەن، بەڵام دەمەقاڵەی بەردەوامی دایک و باوک، دەبێتە هۆی لەدەستدانی متمانەی مناڵ بە خێزانەکەی. هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی مناڵ بە دەرونێکی شڵەژاوەوە بخەوێت و لە ئەنجامدا توشی خەوی ناخۆش دەبێت کە زۆرجار مناڵەکە دەترسێنێت.

٢ .تاوانبارکردنی دایک یان باوک لەلایەن مناڵەوە

کاتێک دایک و باوک دەبێتە شەڕ و دەمەقاڵەیان، مناڵەکە لە دڵی خۆیدا، بە پشت بەستن بەوەی دەیبینێت، یەکێک لە دایک و باوکی بە هۆکاری شەڕەکە دەزانێت. بەتایبەت ئەوکاتانەی دایک و باوک مناڵەکە تێکەڵ بە دەمەقاڵەکە دەکەن و داوای لێدەکەن شایەتی بۆ یەکێکیان بدات.

> دەمەقاڵەی دایک و باوک هەندێکجار دەبێتە هۆی نەخۆشی دەرونی بۆ مناڵ

٣ . راهاتن لەسەر دەمەقاڵە و قبوڵ نەکردنی بەرانبەر

دایک و باوک یەکەمین و کاریگەرترین نمونە و کەسن کە مناڵ چاویان لێ دەکات. کاتێک دایک و باوک ناتوانن جیاوازیەکان قبوڵ بکەن و دەست دەکەن بە دەمەقاڵە، ئەوا مناڵەکە لەسەر ئەم رەفتارە رادێت و چیتر هەوڵ نادات بۆ قبوڵکردنی هیچ بیروڕایەکی جیاواز.

ئەمانە و چەندین کاریگەری نەرێنی تر لەسەر مناڵ دەمێنێتەوە و هەندێکجار تەنانەت دەبێتە هۆی توشبون بە نەخۆشیە دەرونیەکان و تێکچونی دەرونی ئاسایی مناڵ. هەروەها رەفتار و هەڵسوکەوتی مناڵەکە بۆ کەسێکی توندوتیژ دەگۆڕێت.

هەربۆیە دەرونناسەکان هۆشیاری دەدەن بە دایک و باوکەکان، کە دەمەقاڵە و شەڕەکانی نێوانیان لە مناڵ بە دور بگرن و هەرگیز وا لە مناڵ نەکەن لەماڵەکەی خۆیدا هەست بە نائارامی بکات.

# کچێک قۆرغکاریی پیاوان لە بازاڕ تێکدەشکێنێت

**نەوژین، ئەسما کەریم**

**لەکەلار کچێک دەیەوێت ئەو قۆرغکارییەی کەلە بازاڕدا هەیە لەلایەن پیاوانەوە تێکبشکێنێت، ئەویش کاتێک هەستاوە بە کردنەوەی فرۆشگایەکی تایبەت بە کەرەستە و بابەتی جوانکاریی لە ناو بازاڕی شارەکە، لەمەنگاوێکدا کە وێنەی زۆر کەم یان دەگمەنە.**

کەمالیاتی کچان، ناوی فرۆشگایەکی تایبەت بە ئافرەتانە کەماوەی پێنج مانگە لەلایەن کچێکەوە لەناو بازاڕی شاری کەلار کراوەتەوە.

سازان لەتیف محەمەد، ٣٠ساڵ، هەڵگری بروانامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردیی لە زانکۆی گەرمیان، خاوەنی فرۆشگاکەکەیە کە بێ ئومێدی لەدامەزراندن و چاوەڕێ نەکردنی دەستی حکومەت، زیاتر هانی داوە دەست بۆ ئەم کارە بەرێت.

سەبارەت بە سەرەتاکانی چەکەرەکردنی بیرۆکەی کردنەوەی فرۆشگاکەی، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «بەگشتی زۆرتر پیاوان دوکان و فرۆشگای ژنانیان هەبو، منیش بیرم کردەوە لەوەی بۆچی ژنانیش ئەم کارە نەکەن، بەتایبەت کە رەنگە ژنان لەگەڵ یەکتر ئاسودەتر بن لە کڕین و مامەڵەی کەلوپەل و پێداویستیەکانیان».

لەکاتێکدا (سازان) دەستی بەم کارە کردوە، کە زۆرێک لەئافرەتان بەپاساوی ئەوەی روبەروی ئاستەنگ دەبنەوە لەکاتی کارکردندا، خۆیان لەقەرەی ئیش کردن نادەن، ئەگەر چی خاوەن بەهرە و کات و توانای باشیشن.

> بیرم کردەوە
> بۆچی ژنانیش
> فرۆشگایان
> نەبێت؟

سەبارەت بەوەی لەکردنەوەی ئەم دوکانەدا تاچەند ئاستەنگ و رێگری هاتوەتە پێش، (سازان) وتی: «تاوەکو ئێستا هیچ رێگریەکم بۆ دروست نەبوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەستخۆشیەکی زۆرم لێ کراوە بەتایبەت لەلایەن ژنانەوە».

بە رای ئەم کچە کاتی ئەوە هاتوە کە ئافرەتانی گەرمیان لەکونجی ماڵەوە بێنەدەرەوە و لەبازاڕی کاردا ئیش بکەن «هەرکارێکیان پێخۆشە هەوڵی بۆ بدەن و بۆی تێبکۆشن بێگومان سەرکەوتودەبن تیایدا».

هەروەک ئەم کچە فرۆشیارە پێیوایە هەبونی ئابوریەکی سەربەخۆ لەلایەن ژنانەوە، هۆکارێکی گرنگە کە ئافرەت بتوانێت مافەکانی خۆی دەستەبەر بکات.

> دەستخۆشیەکی
> زۆرم لێ کراوە
> بەتایبەت
> لەلایەن ژنانەوە

کاتێک (نەوژین) چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەم کچە دوکاندارەدا دەکرد، (نەجیبە) وەک کڕیار سەردانی ئەم دوکانەی دەکرد، سەرنجی خۆی لەبارەی کردنەوەی دوکانێکی لەم شێوەیە کە کچێک بەرێوەی دەبات، بە (نەوژین) وت «وێڕای دەستخۆشیەکی زۆرم بۆ ئەم کچە فرۆشیارە زۆریش خۆشحاڵم، چونکە بەئاسودەیی کەلوپەل و پێداویستیەکانم دەکرم، هیوادارم نمونەی زۆر بێت».

ئەم هیوایەی (نەجیبە) هیوای سازانیشە، چونکە ئەوکچە وەکخۆی ئاماژەی پێدا، حەزی بەوەیە بتوانێت فرۆشگاکەی فراوان بکات و کچانی دیکەش بخاتە کارەوە.

وتی: «ئەگەر لەتوانامدا هەبێت پێمخۆشە چەند کچێکی دیکەش بهێنمە بازاڕی کارەوە، بەتایبەت ئەو کچانەی کە خوێندنیان تەواو کردوە و دانەمەزراون».



# ژورەکەی خۆی دەکاتە کارگەی کاری دەستیی



**▪ نەوژین، ئاسیا حسێن**

**ئەگەرچی فەرمانبەرەو بڕوانامەشی لە بواری کشتوکاڵ دا هەیە، بەڵام ئەو حەز و خولیایەی بۆ کاری دەستیی هەیبوە، وایکردوە ببێت بە پیشەوەرێکی ئەو بوارە، کارکردنیشی لەبواری کاری دەستی، جگە لەوەی بۆخۆی بوەتە سەرچاوەیەکی بژێویی، هاوکات هاوکاریی کچانی دیکەی دەستڕەنگین دەکات کە پێکەوە گروپێکی کاری دەستییان بەناوی «مەستورە» پێکهێناوە.**

سارا نیعمەت، ٢٣ساڵ، دەرچوی بەشی بەروبومی کێڵگەییە. جگە لەوەی فەرمانبەرە، بەڵام کاری دەستی کردوەتە پیشەی سەرەکی خۆی، بۆ ئەم کارەش ژورەکەی خۆی وەکو کارگەیەک بۆ دروستکردنی ئیشەکانی بەکار دەهێنێت.

سارا، لەبارەی پیشەکەیەوە دەڵێت: «هەر لە منالیەوە خولیای کاری دەستی بوم. سەرەتا جلوبەرگ و ئیکسسواراتم بۆ بوکەشوشەکانم دروست دەکرد، پاشان بۆ خۆم و هاوڕێکانم، ئێستاش رۆژانە کارە دەستیەکانم دەخەمە بەردەستی هەمو کچانی گەرمیان».

ئەو باسی لەوەکرد کە کارەکانی بونەتە سەرچاوەیەکی باشی داهات بۆی، ئەگەرچی ئەوەندەش نییە، بەڵام پێی دڵخۆشە، بەتایبەتی کە ئەو جگە لە لایەنە مادییەکە، کاری دەستیی وەکو خولیایەک دەکات.

ئەو زانیاری زیاترمان لەسەر پیشەکەی پێ دەدات و دەڵێت: «کەرەستە سەرەتاییەکانی ئیشەکەم لە بازاڕ دەکڕم، چەند ساڵێک پێش ئێستا ئەمە کارێکی زەحمەت بو، بەڵام ئێستا کەرەستەی زۆر لە بازاڕدا هەن و بە ئاسانی دەتوانم دەستی بخەم».

> هەر لە منالّیەوە
> خولیای کاری
> دەستی بوم

جگە لە گۆڕینی کەرەستەی سەرەتایی بۆ ئیکسسوارات، (سارا) شتومەکە کۆن و بێ سودەکانی ماڵیش کۆدەکاتەوەو دەیگۆڕێت بۆ شتی تر کە سودی هەبێت.

سارا، کارکردنی لە بواری کاری دەستیی، بەتەنها لەخۆی دا کورت نەکردوەتەوە، بەڵکو لەگەڵ کۆمەڵێک کچی دیکەدا پەرەیان بەم خولیا و توانایەیان داوەو گروپێکی کاری دەستییان کردوەتەوە بەناوی (گروپی کاری دەستی کچانی مەستورە) کە خۆی سەرپەرشتییان دەکات و هەرخۆیشی بەزۆری بەرهەمەکانی گروپەکە ساغ دەکاتەوە.

لەوبارەوە وتی: لە رێگەی ئەو گروپەوە توانیم کارەکانم پەرە پێ بدەم لە چەند کارێکی سادە بۆ پرۆژەی گەورەتر. هەروەها توانیم کاری دەستی لە حەز و خولیایەکەوە بگۆڕم بۆ سەرچاوەیەکی داهات و پیشەیەک.

وادیارە ئەم بیرۆکەی کارکردنی بەکۆمەڵە، لێکەوتەی باشی هەبوە بۆ کچان. وەک (شەیما) کە یەکێکە لە ئەندامانی گروپەکە ئاماژەی بۆ کرد، ئێستا کارەکانیان باشتر بەڕێوەدەچێت و لەو روەشەوە سوپاس و دەستخۆشیی لە (سارا) کرد.

سنور سامان، یەکێکی تر لە ئەندامانی گروپەکە، قسەکانی (شەیما) پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت: «سارا سەرپەرشتیارێکی دڵسۆزی ئێمەیە کە لەخۆمان زیاتر خەممان دەخوات. ئەو یارمەتی دەری یەکەمی ئێمە بو بۆ ئەوەی بتوانین بەردەوام بین لە کاری دەستی و بیفرۆشین».

هەمو کات دروستکردنی بەرهەمێک، نیوەی پرۆسەکەیە، چونکە ئەوەی نیوەکەی تری تەواو دەکات، ساغکردنەوەو فرۆشتنێتی. کەوایا (سارا) چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەم نیوەیەی تردا کردوە؟

باس لەوەدەکات کە (مەهتاب عەبدوڵڵا)ی هاوڕێی کە دوکاندارە، بەشێکی دوکانەکەی پێداون بۆ نمایشی کارەکانیان، بەڵام هاوکات رێگەیەکی تریشیان بۆ فرۆشتن هەیە.

وتی: زۆرجاریش لە رێگەی ئۆنلاینەوە، واتە پەیجەکانی ئینستاگرام و فەیسبوک لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە، کارەکانم پیشانی خوازیارانی دەدەم.

لەبارەی نرخی کارە دەستییەکانیشیانەوە، بۆمان رون دەکاتەوە کە نرخێکی کەم و گونجاو لەسەر کارەکان دادەنێن، بەتایبەت ئەم ماوەیە کە قەیرانە و کچان ناتوانن پارەیەکی زۆر لە بواری ئیکسسوارات و خۆرازاندنەوەدا خەرج بکەن.

هەمیشە ئەو کەسانەی لە کارێکدا دەچنە پێش، کەسانێکیان لەپشتە کە بە پاڵپشت و هۆکاری سەرکەوتن و بەردەوامیی خۆیانی دەزانن.

سارا، بۆ ئەم مەبەستە دایک و باوکی دەستنیشان دەکات، بۆ کاری گروپەکەشیان سوپاسگوزاری (نزا محەمەد)ە کە هاوکاری سەرەکیان بوە.

ئێستا خەونی ئەم کچە هەر ئەوەنیە کارەکانی خۆی بەتەنیا بەرەوپێشەوە بڕوات، بەڵکو ئاواتەخوازە رۆژێک بتوانێت کارگە بچوکەکەی ماڵەوەیان پەرە پێ بدات بۆ کارگەیەکی گەورەتر کە تیایدا هەلی کار بۆ چەندین کچی تر برەخسێنێت.

# تاکە ژنە پەیامنێری تەلەفزیۆن لە گەرمیان

▪ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

**هەر لەمناڵیەوە خولیای کاری ڕاگەیاندن لەناخی دا دروستبوە، هەروەک خۆیشی دەڵێت: «کارکردن لە ڕاگەیاندن ئاواتم بوە»، ئەم خولیایەشی پەرەپێداوە و کاری لەسەرکردوە و لەبەرامبەر بەربەستەکان بەچۆک دا نەهاتوە، ئەمەش وایکردوە هەم خەونەکەی بەدیی بێنێت و هەمیش ببێتە پەیامنێرێکی دیار و سەرکەوتوی کەناڵە ئاسمانیەکان لە سنوری گەرمیان.**

> ئەگەر ژنان دەست بۆکاری ڕاگەیاندن دەبەن، دەبێت ببنە نمونە

شەرمین عەلی، ناوێکی ناسراو و دیاریی نێو ڕۆژنامەوانیە لەگەرمیان، ئەو پەیامنێری تەلەفزیۆنی تۆڕی هەواڵی کوردیی «KNN»ە، هاوکات تاکە ژنە کە لە دەڤەرەکەدا پەیامنێری تەلەفزیۆن بێت.

ئەو لەساڵی ١٩٩٠ لەناحیەی ڕزگاری لەدایکبوە، ماوەی ١٠ ساڵە لەمیدیاکاندا کاردەکات. لەچاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی (نەوژین) دا باس لەسەرەتاکانی هاتنە ناو دنیای ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنوسیی دەکات. وتی: «هەرلەمناڵیەوە خولیای کاری ڕۆژنامەنوسیم هەبوە بەتایبەتی پەیامنێریی، بەجۆرێک لەماڵەوەدا خۆم بەتەنها مایکم هەڵگرتوە لاسایی ڕۆژنامەنوسانم کردوەتەوە و بەرنامەم پێشکەش کردوە».

وتیشی: «هێندە حەزم لە کاری میدیایی هەبو مایکم هەڵگرتوە بۆ پرۆڤە کردنم بەرنامەم پێشکەش کردوە».

شەرمین، هەر زو دەستی بە هێنانەدیی حەز و ئاواتی خۆی لە بواری ڕۆژنامەوانیی دا کردوە، لەتەمەنی ١٨ ساڵی دا وەکو پێشکەشکار لە تەلەفزیۆنی ئازادیی لەکەلار دەستبەکار بوە.

لەبارەی ئەم ئەزمونەوە وتی: لە ساڵی ٢٠٠٨ و بۆ ماوەی ٣ ساڵ لەکەناڵی ئازادیی وەکو بێژەرو پەیامنێر کارم کردوە.

ئەو لەگەڵ کاری ڕاگەیاندن لەخوێندنیش بەردەوام بوە، ساڵی (٢٠١١-٢٠١٢) بەشی ژمێریاری لە پەیمانگای تەکنیکی کەلار تەواوکرد، ئەگەرچی دانەمەزراوە، بەڵام کۆڵی نەداوەو لەبەر سەرکەوتنەکانی لە چەندین سایت و کەناڵی جیاواز کاری کردوە. وتی: «جگە لەکاری ئێستام، کارم بۆ: تەلەفزیۆنی ئازادی، تەلەفزیۆنی ئایندە، سایتی خەندان، گۆڤاری ژن مەگەزین، ڕۆژنامەی مەرام، ڕادیۆی گۆڕان و هەندێک دەزگای دیکە کردوە»

وەک هێمامان بۆ کرد، تاکە ژنە پەیامنێری تەلەفزیۆنە لەگەرمیان، لەبارەی ئەم کارەیەوە دەڵێت: «هەرکات دەچمە کار و ڕوماڵی ڕوداوەکان دەبینم هاوپیشەکانم پیاون تەنها ژنم لە ناویاندا، ئەمە نەک ساردی نەکردومەتەوە، بەڵکو وایکردوە زیاتر هەوڵ بدەم و بڵێم منی ژن دەتوانم وەکو ڕەگەزی بەرامبەر کار بکەم».

بەڵام ئایا ئەم متمانە زۆرەی بەخۆی و تواناکانی لەکوێوە هێناوە؟ چی و کێ بە پاڵپشتی خۆی دەزانێت؟

لەوەڵامدا وتی: «پاڵەوانی ژیانی من باوکم بو، هەمیشە هاوکارم بوە لەسەرکەوتن».

ئەو باس لەوە دەکات کە کۆمەڵگا بەچاوێکی بەنرخەوە لە بونی ژنانی لەنێو ڕاگەیاندن دا نەڕوانیوە، ئەمە وای کردوە کۆمەڵگا سڵ لەکاری ڕاگەیاندن بکەنەوە بەو هێمایەی ژنی ڕاگەیاندکار کەسێکی باش نیە، ئەمەش ڕوبەڕوی خۆی بوەتەوە بەتایبەتی کە خزمەکانی ڕێگریی کاری ڕاگەیاندنیان لێکردوە لەسەرەتاوەو ڕەخنەیان لێگرتوە.

دەشڵێت: «ئەگەر کچان و ئافرەتان دەست بۆکاری ڕاگەیاندن دەبەن، دەبێت ببنە نمونە بۆ کۆمەڵگا»، بۆ ئەمەش نمونەی چیرۆکی سەرکەوتنی خۆی دێنێتەوە کەلەکاتێکدا لەسەرەتاوە کەسوکارەکەی ڕێگرییان لێکردوەو کۆمەڵگاکەی توانجی لێداوە، بەڵام ئێستا «نەک تەنیا دان بەسەرکەوتنەکانم دا دەنێن، بەڵکو داوای یارمەتیم لێدەکەن و هاوکاریان دەکەم».

کەوایا بە سودوەرگرتن لە ئەزمونی ژیانی پیشەیی خۆی، (شەرمین) چی پێشنیاز دەکان بۆ ژنان؟

بە پێداگیرییەوە وتی: «هەرگیز چۆک بۆ بەربەستەکان دانەنەن، بەڵکو بەربەستەکان بەچۆک دا بدەن، تابتوانن سەرکەون».



# ژنان زیاتر لەپیاوان پەیڕەوی یاساکانی هاتوچۆ دەکەن



▪ نەوژین، ئەسما کەریم

**هەرچەندە پیاوانی گەرمیان پێش ژنان کەوتون لەشۆفێریکردندا بەهۆی دابونەریت و کلتوری کوردەوارییەوە، بەڵام ژنان باس لەوەدەکەن کە ئەوان توانیویانە باشتر لە پیاوان پەیرەوی یاساو ڕێنمایەکانی هاتوچۆ بکەن و لەو ڕووەوە پێشیان بکەون.**

> لەساڵی ٢٠١٧ لە گەرمیان، ٢١٩ ژن مۆڵەتی شۆفێری تایبەتیان دەرهێناوە

> ئافرەتان حەزیان لەوەیە بەهێواشی ئۆتۆمبێلەکانیان لێبخوڕن

شەهلا عەزیز ، ٤٩ ساڵ، کەفەرمانبەرە، بۆ (نەوژین) وتی: «من بەهۆی ئەوەی کە فەرمانبەرم و لە دەرەوە کاردەکەم، ساڵانێکی زۆرە شوفێرم و تاوەکو ئێستا توشی هیچ ڕوداوێکی هاتوچۆ نەبوم».

شەهلا، لە باسکردنی هۆکاری ئەم حاڵەتەدا، ئاماژە بەوەدەکات «زۆر بەباشی پەیڕەوی ڕێنمایەکانی هاتوچۆ دەکەم»، پێشیوایە ژنانی شۆفێر زیاتر لە پیاوان، پابەندن بە یاسا و ڕێنماییەکان و هێمن تر لێدەخوڕن.

ئەگەر بە ڕای (شەهلا) ئەمە پەیوەندی بە خودی ژنانی شۆفێرەوە هەبێت کە هێمنترن لەکاتی شۆفێریی، ئەوا ژنێکی دیکە هۆکاری ئەم حاڵەتە گرێدەداتەوە بە لایەنی کۆمەڵایەتی و کەلتوریەوە.

حەسیبە ئیبراهیم، ٣٥ ساڵ، کە ژنی ماڵەوەیە، دەڵێت: «ئەو کاتەی شوفێری دەکەم، زۆر بە وریایەوە لێدەخوڕم، نەکا توشی ڕوداوی هاتوچۆ ببم، چونکە من ژنم، ئەگەر توشی ڕوداوێکی هاتوچۆ ببم، ئەوا کۆمەڵگا بەشێوەیەکی تر سەیرم دەکات».

بەپێی ئامارێک کە (نەوژین) لەبەرێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیانەوە دەستی کەوتوە، لەساڵی ٢٠١٧ لەسنوری ئیدارەی گەرمیان ، ٢١٩ ژن مۆڵەتی شۆفێری تایبەتیان دەرهێناوە و ٣ ژنیش مۆڵەتی گشتیان دەرهێناوە، هەروەها ٦ ژنیش مۆڵەتی نێودەوڵەتیان دەرهێناوە.

ئەمەی تاوەکو ئێستا باسی لێوەکراوە، قسەی ژنان بوە، بەڵام ئایا پیاوان و بەتایبەت پیاوانی شۆفێر چ قسەیەک دەکەن لەسەر شۆفێریکردنی ژنان؟

بە ڕای پیاوێکی شۆفێر، ژنان کەمتر لە پیاوان توشی ڕوداوی هاتوچۆ دەبن، چونکە ژنان کاتێک شۆفێری دەکەن، بەخێراییەکی کەمتر ئۆتۆمبێل لێدەخوڕن.

ئەردەڵان محەمەد، ٢٨ ساڵ، دەڵێت: «ئافرەتان کاتێک کە شۆفێری دەکەن تیژڕەوی ناکەن، ئەم هێواش لێخوڕینەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژنان کەمتر توشی ڕوداوی هاتوچۆ ببن».

ئەم قسەیەی (ئەردەڵان)، ئاماری ڕوداوەکانی هاتوچۆ پشتڕاستی دەکاتەوە، بەوەی ژنانی شۆفێر کەمتر بونەتە هۆکاری ڕوداوی هاتوچۆ بەتایبەتی کە قوربانی لێبکەوێتەوە.

بەپێی ئامارێک کە لە بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیانەوە وەرگیراوە، لە ساڵی ٢٠١٧ دا (٢٦٤) ڕوداوی هاتوچۆ لەسنوری ئیدارەی گەرمیاندا ڕویان داوە، بەو هۆیەشەوە ٤٦ کەس گیانیان لە دەست داوە، کە ٣٥ کەسیان لە ڕەگەزی نێرن و١١کەسی تریشیان لە ڕەگەزی مێن.

(نەوژین) ویستی ئاماری جۆری ڕەگەزی ئەو شۆفێرانەی دەست بکەوێت کە لە هەمان ساڵدا توشی ڕوداوی هاتوچۆ بون لە سنوری ئیدارەی گەرمیان، بەڵام بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆ بە وردی ئەو ئامارەیان لەبەردەستدا نیە، ئەگەرچی ئاماژەیان بەوەکرد کە لەنێو ئەو شۆفێرانەی بونەتە قوربانی ڕوداوەکانی هاتوچۆ، هیچ ژنێک نییە.

خودی هاتوچۆش، پشتگیریی لەو ڕایە دەکات کە ژنان ئارام تر و باشتر شۆفێریی دەکەن و کەمتریش سەرپێچی و ڕوداوی هاتوچۆ ئەنجام دەدەن.

بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی بەرێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، نەقیب (کارزان مەجید)، بە (نەوژین)ی ڕاگەیاند: «خانمان هەمیشە لە سەر شەقام پابەندی ڕێنمایەکانی هاتوچۆن بەراورد بە پیاوان، هەربۆیە لە ساڵی ڕابردو لە سنورەکەمان کەمترین ڕێژەی سەرپێچی هاتوچۆ تۆمارکراوە کە لەلایەن ئافرەتانەوە ئەنجام درابێت».

کارزان مەجید، هۆکاری کەمی ڕوداوی هاتوچۆ لەلایەن ژنانەوە گرێ دەداتەوە بەوەی کە پیاوان زیاتر لەژنان حەزیان لە تیژڕەوییە.

وتیشی: «بەشێکی پیاوان حەزیان لە خێرا لێخوڕین و ڕکابەری کردنە لەگەڵ ئۆتۆمبێلی تردا، بە پێچەوانەی ئافرەتان کە هەمیشە حەزیان لەوەیە بەهێواشی ئۆتۆمبێلەکانیان لێبخوڕن، ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە پیاوان زیاتر لەژنان توشی ڕوداوەکانی هاتوچۆ دەبن».

### شاعیر و وەرگێڕ (شنە نوری):

# لەپێش هەر شتێکی ترەوە خەمی مرۆڤ دەنوسمەوە



■ نەوژین، پەیام لەتیف

**شنە، کچێک بە گژ باوەکانی کۆمەڵگەدا دەچێتەوە و بەپێدەشتەکانی یاخیبوندا گوزەر دەکات، ئەو بە شیعر خۆی دەنوسێتەوە و هەستەکانی مێینەبون دەردەبڕێت، بە وەرگێڕانیش خوێنەری کورد بە بیر و ئەندێشەی میلەت و گەلانی دی ئاشنا دەکات.**

شنە نوری، سەرەڕای ئەوەی لەخێزانێکی گەرمیانیە، بەڵام لەئاوارەیدا و لەناوچەی سەنغوری سەر بە کرماشانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبوە و لەساڵی (٢٠١٤) وە دانیشتوی کەلارن.

ئەو باس لەسەرەتاکانی نوسینی شیعری خۆی دەکات ودەڵێت: ئەوەی بیرم بێت لە١٣ساڵیدا هەندێ شیعرم نوسیوە کەبەزمانی فارسی بون و زیاتر کلاسیکی وبیرێکی سادەی مناڵیم بوە.

ئەم کچە شاعیرە لەشیعرەکانیدا پەیامێکی مرۆڤایەتی هەڵگرتوە و سنوری نەتەوەیی بون تێدەپەڕێنێت. وەکخۆی وتی: «من نەتەوەیی نیم و شیعری نەتەوەیی نانوسم، لەگەڵ ئەوەی من پاشماوەی ئەنفالم و جەنگدیدەم وئاوارەیم چەشتوە».

دەشڵێت: «من پێموایە شیعر بێسنورە و خۆی ناخاتە قاڵبی هیچ نەتەوە و ئایدیایەکی جیاوازەوە، من لەپێش هەرشتێکی ترەوە خەمی ئینسان دەنوسمەوە، چونکە پێموایە شاعیر خاوەن پەیامە، پەیامێکی مرۆڤایەتی».

شنە نوری، سروشت دەکاتە کەرەستەی نوسینی شیعر و ژانەکانی مێینەبونی پێ دەردەبڕێت. دەڵێت: «من عاشقی سروشتم، ئیلهامی تەواوەتی من لە سروشتەوەیە».

بەخوێندنەوەی شیعرەکانی هەندێکجار کۆمەڵێک وشەی ئاڵوز و هەندێکجاری تریش وشە قەدەغەکراوەکانی کۆمەڵگە دەبینیت، کە ئەمەش بوێری دەوێت بەتایبەت بۆ کچێک.

بۆ ئەمە (شنە) دەڵێت: «من خۆم دەنوسمەوە کە پڕم لەخەمی خۆم و ئەوانی دی، هەر ئەمەشە وادەکات تەکنیکی نوسینی من جیاوازبێت نەک تەنها لەخانمان، بەڵکو لە تەواوی شاعیرانی تریش، شیعرەکانی من پڕن لەناباوی کۆمەڵگا و ئاین و ئینسان».

**شیعرەکانی من پڕن لەناباوی کۆمەڵگا و ئاین و ئینسان**

سەربارى ئەم «ئاڵۆزیانەی» بەوهۆیەوە دروست دەبێت، بەڵام (شنە) هێشتا خۆی بە گرێدراو بەواقیع دەزانێت.

لەوبارەوە دەڵێت: ئەدەبیات چەند لەگەڵ خەیاڵ و وەهم دەستوپلی نەرم کردبێت، زیاتر لەوەش پەیوەندی بەواقیعەوە هەیە. نابێت ئێمە ئەدەبیات تەنیا لەسنوری خەوندا کۆبکەینەوە، ئامانجی وێنە و وشەی نێو شیعر گواستنەوەی واقیع نیە وەک ئەوەی هەیە، بەڵکو ئامانجیان لەشیعردا ئەندێشەکردنی واقیعە، شیعر هاتنە خوارەوەیە لەئاسمانی خەونەوە بۆ زەمینی واقیع.

لە پۆلینی کاریگەری ئەدەبی گەلانی تر بەسەریەوە، (شنە نوری) ئەدەبی لاتین دەخاتە ریزبەندی پێشەوە، بەتایبەتی ئەدەبی مەکسیکی.

لەگەڵ نوسینی شیعردا ئەم کچە وەرگێڕانی کردوە بەیەکێک لەکارەکانی ژیانی و لەهەمو ژانرە ئەدەبیەکاندا وەرگێڕان دەکات، بەڵام زیاتر چێژ لە وەرگێڕانی شیعر دەبینێت.

وتی: من لە زمانی فارسیەوە وەردەگێڕم، لەهەمو بوارەکانیش وەرگێڕانم کردوە، هەر لە: شیعر، چیرۆک، رۆمان، بابەتی فەلسەفی، وتار، چاوپێکەوتن و فیلم، بەڵام بەحوکمی ئەوەی خۆم شاعیرم، زیاتر چێژ لە وەرگێڕانی شیعر ئەبینم، ئەگەرچی قورسترین جۆری وەرگێڕانە.

**زیاتر چێژ لە وەرگێڕانی شیعر ئەبینم ئەگەرچی قورسترینە**

ئەو لەزۆرێک لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا نوسین وەگێڕاوەکانی بڵاوکردوەتەوە، وەکو رۆژنامەکانی: (چاودێر، کوردستانی نوێ، هیچ و زاری کرمانجی) و گۆڤارەکانی: (باران، کەلێن و ئیلیان).

سەرەڕای ئەوەی چەندین کتێبی ئامادەیە بۆ چاپ، بەڵام تائێستا هیچ کتێبێکی بڵاونەکردوەتەوە.

لەوبارەو دەڵێت: لەئێستادا زیاتر لە ٦ کتێبی ئامادەکراوم هەیە بۆچاپ و تەنیا رێکخستنیان ماوە، جگە لەوەی زیاتر لە ٥ کتێبی ترم لەبەردەستە و زیاتر لە نیوەیان تەواو بوە، سەرباری کتێبی شیعرەکانی خۆشم، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا تائێستا هیچ کتێبێکم بەچاپ نەگەیاندوە، ئەمە پێش هەمو شت ئەگەڕێتەوە بۆ ویستی خۆم دواتریش بەهۆی ئەو بارودۆخەی کەئێستا چاپەمەنی کوردی گرتوەتەوە.

ئەم کچە شاعیرە بەشێک لەو تێکست و شیعرانەی کە دەینوسێت یان وەریدەگێڕێت، لە ئەکاوەنتی تایبەتی خۆی لەفەیسبوک بڵاویان دەکاتەوە، بەڵام بۆچی بەشداری کۆڕ و پێشبڕکێ و ڤیستیڤاڵە ئەدەبیەکان نابێت؟

وتی: لەهیچ ڤیستیڤاڵێکدا بەشدارنەبومە و لەو بڕوایەشدا نیم کەقەت بەشداربم، چونکە پێموایە پلەدانان لەسەر هەر بابەتێک بەتایبەتیش شیعر، شتێکی باش نیە.



# مەریەم، یەکەم ژنە گۆرانیبێژی دەنگ تۆمارکراو

■ نەوژین

**لەجزیرەوە بۆ دیمەشق، لەوێشەوە بۆ زاخۆ و پاشان بەغدا، وێستگەکانی ژیانی (مەریەم)ن، ژنێک کە وەکو یەکەمین گۆرانیبێژی مێینە لەمێژوی کورددا، گۆرانی کوردیی تۆمار کردبێت.**

لەنێو ئەو گۆرانیبێژانەی کە کورد هەیبون، (مەریەم خان) ناوێکی درەوشاوەو ناسراوە، ئەو وەکو یەکێک لەدێرینترین ئەو هونەرمەندانەی کە لە ئێزگەدا گۆرانییان وتوەو لەسەر قەوانیش دەنگیان تۆمارکردوە، ناوی لە مێژودا تۆمارکراوە.

مەریەم خان، ناوی تەواوی (مەریەم محەمەد ئەحمەد)ە، لە باکوری کوردستان و بەدیارییکراوی لە گوندی (دێرگول)ی سەر بە جزیرەی بۆتان، لە ساڵی ١٩٠٤ لەدایکبوە.

بەکاریگەری ئەو رەوشە سیاسیی و ئابوریەی هاتوەتە ئاراوە لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، کۆچ دەکات بۆ شام و ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە، پاشان دێتە باشوری کوردستان و لەشاری زاخۆ دەگیرسێتەوە.

لەگەڵ هاتنەئارای قەوان دا، (مەریەم خان) پەرە بەهونەرەکەی خۆی دەدات و ژمارەیەک لە گۆرانیی و لاوکەکانی لەسەر قەوان تۆمار دەکات.

بەپێی ماڵپەڕی رۆژی کورد، کاتێک کۆمپانیای تۆماری دەنگ لەسەر قەوان لە شاری (بەغدا) دادەمەزرێت، مەریەم خانی هونەرمەند بە هیوای ئەوەی کە گۆرانییەکانی لەسەر قەوان تۆمار بکات، رو لە پایتەخت دەکات و لە ساڵی ١٩٣٠دا چەند لاوک و بەستەیەکی لە لایەن کۆمپانیای (بەیزافۆن، ئۆدیۆن و ئەبولکەلب)ەوە، لەسەر قەوان بۆ تۆمار دەکرێت. یەکەمین قەوانی لە ساڵی ١٩٣٠دا بە ناو «دۆمامێ» تۆمار کردوە.

سەرجەمی ئەو قەوانانەشی کە تۆماریکردون، ٩ دانە بون، لەوانە: (لۆرکێ لۆرکێ، گولێ وەی نار، هەی بەردە بەردە، لێلێ وەسۆ، گولا شێنی شێنی، یار حەلیمێ، محەممەدۆ رۆنی، لێلێ ئێمێ، لێ دایێ، لۆلۆ سوارۆ، ئەی دەلال و زەمبیلفرۆش).

بەم کارەشی، دەبێتە یەکەم گۆرانیبێژی کورد کە بە دیالێکتی کرمانجی ژورو گۆرانی لەسەر قەوان تۆمار کردوە.

بەرهەمەکانی مریەم خان، بەزۆری گۆرانی و لاوکی فۆلکلۆریی و میللیی بون، ئەو کارانەشی جگە لە قەوان، هەندێکیشی لە ئێزگەی بەغدا و ئاهەنگەکانیشدا پێشکەش کردوە.

ستایڵی گۆرانیەکانی (مەریەم خان) بەوەجیادەکرێتەوە کەلەتۆن و ئاستێکی بەرزدا گۆرانیی وتوە، بەشێوەیەک کەم لە گۆرانیبێژان دەتوانن لەو تۆنە گۆرانی بڵێن، بەڵام ئەو توانا و بەهرەیەی کە هەیبوە، هاوکاریی کردوە بۆ ئەوەی بتوانێت بەشێوەیەکی جوان و سەرنجراکێش، ئەو ئاوازانە ئەدا بکات.

لەپاڵ دەنگە تایبەتەکەی دا، هەمیشە مەریەم خان بەوەدەناسرێتەوە کە بەبەردەوامیی لەوێنەکانیدا وادەردەکەوێت سەری بە لەچکێکی توند بەستوە.

بەوتەی ماڵپەڕەکە، ئەمە یەکێک بوە لەو تایبەتمەندییانەی کە لە شێوە و روخساردا مەریەم خانی هونەرمەندی پێناسراوەتەوە، ئەمەش نەریتێکە کە هەر لە کۆنەوە تائێستا لە ناو خێڵە کۆچەرییەکانی باکور و خۆرئاوای کوردستان و هەندێک ناوچەی (شەنگال) دا باوەو ژنان بەوشێوەیە سەری خۆیان دەبەستن.

ئەگەرچی ژیانی پڕ بوە لەداهێنان و کاری هونەریی باڵا کە زۆرێک لەوبەرهەمانە تائێستاش بە زیندویی ماونەتەوە، بەڵام وەک زۆر لە هونەرمەندانی مەزنی تر، کۆتاییەکانی ژیانی بە هەژاریی و سەختی گوزەراندوە.

ئەو لە ساڵی ١٩٤٩دا، توشی نەخۆشی گورچیلە دەبێت و پاش هەوڵێکی زۆر بۆ چارەسەرکردنی، لە مانگی تەموزی هەمان ساڵدا لە نەخۆشخانەی (میر ئەلیاس) لە بەغداد کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی شێخ مارف بە خاک دەسپێردرێت.

وەک ماڵپەڕی رۆژی کورد بڵاویکردوەتەوە، گۆڤاری "الاذاعە والتلفزیون"ی بەغداد، بۆ کۆچی دوایی ئەم خانمە نوسیویەتی: «ناودارترین سترانبێژی بیستەکان، لە ژورێکی ناهەمواری گەڕەکی بابولموعەزەمدا بە هەژاری کوچی دوایی کرد».

# کچان ناچار دەکرێن بەشێک بخوێنن کە خۆیان نایانەوێت



▪ نەوژین، ژینۆ عەلی

**«دوای ١٢ ساڵ لە خوێندن و هێنانی نمرەیەک بۆ ئەو بەشەی کە خۆم ئەمویست، دایکم بو بە ڕێگرم و ئاواتی منالٚیم و ماندوبونی ئەو هەمو ساڵەی خوێندنم بە با چو». ئەمە وتەی (شیرین)ە کە یەکێکە لەو کچانەی بەزۆری و نابەدڵی لەبەشێکی زانکۆدا دەخوێنن کە خۆیان هیچ ئارەزویەکیان لێ نیە.**

زۆرێــک لەکچــان دوای دەرچونیــان لە قۆناغــی ئامادەیــی، خێزانەکانیان بەتایبــەت بــاوک یاخــود دایکیــان، ناچاریــان دەکەن بەشــێک هەڵبژێرن کەخۆیان حەزیان لێیە نەک کچەکەیان، ئەمەش بەبێ گوێدانە ئارەزو و ئاست و خولیای خودی کچەکەیان.

شیرین، کچێکی (٢٢) ساڵە لەبەشێکدا دەخوێنێــت کە بەوتــەی خۆی «هیچ حــەزی لێی نیە». بــۆ (نەوژین) دواو وتی: «پۆلــی دوانزەم تەواوکرد و دڵم خۆشــبو کــە ئەچمە ئەوبەشــەی کە خولیام لێی بو، بەڵام دایکم بو بە ڕێگرم و نەیهێڵا بچم ئەو بەشە بخوێنم».

شیرین، بە روخســارێکی خەماوییەوە بەردەوامبو و وتی: «من چی لەبەشێک بکــەم کە هیــچ ئــارەزوم لێــی نیە تەنانەت تاقەتی ئەوەشــم نیە ســەعی بکــەم و حەزناکەم تەنانــەت بچم بۆ دەوامیش؟»

کچــان باس لەوەدەکەن کــە بەردەوام هەندێک بەش و بوار هەیە کە خێزانەکان بە گونجاوتری دەزانــن بۆ ئەوان، هەر ئەمــەش وادەکات ناچاریــان بکەن بە خوێنــدن لەو بەشــانە بەبــێ گوێدانە ئارەزو و خولیای خودی کچەکان.

میــوان، ٢٣ ســاڵ، کچێکی تــرە کە لەبەشــێک دەخوێنێت ئــارەزوی لێی نیــە. بۆ (نەوژین) بــاس لەوە دەکات «لەپۆلی دوانــزە نمرەیەکی زۆر بەرزم هێنا، بەڵام خۆم هیچ ئارەزوم لەبەشێک نەبو کە نمرەکەی بەرزبێت، ئەوبەشەی خــۆم حەزم لێی بــو نمرەیەکی کەمی ئەویســت، بــەڵام باوکم وتــی ئەگەر نەچیتە ئەوبەشــەی من حەزم لێیەتی، ئــەوا نایەڵم بخوێنیت، منیش ناچاربوم بەقسەی بکەم»

هەندێــک لــە خێزانــەکان، پێیانوایە ئەوان باشــتر لە کچەکانیان تێدەگەن و ناچارکردنیان بە خوێندنی بەشــێک، بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە لەپێناو قازانجی ئەوانە.

تارا، ٢١ ســاڵ، ئاماژە بەوەدەکات کە ناچارکراوە بۆ ئەوەی بەشێک بخوێنێت کــە هەرگیــز بەلایەوە ســەرنجراکێش نەبوە، بەڵام خێزانەکەی بەو پاساوەی «لەقازانجی خۆیەتی» ناچاریان کردوە تیایدا بخوێنێت.

بــەڵام ئەو بەپێچەوانــەوە پێیوایە ئەم ناچارکردنــە زیانی هەیــە نەک قازانج. دەڵێــت: «خولیات لــە هەرچی نەبو ئەگەر ببیتە پرۆفیسۆریش تێیدا سودی نابێت، چونکە حەز و خولیا لەپێشەوەی بڕوانامە و پلەی بەرزەوەن و دواجار ئەم ناچارکردنە دەبێتە هۆی دروســتکردنی تاکی بێسود».

لەم خاڵەدا، توێژەرێکی دەرونی هاوڕایە لەگــەڵ (تارا) و پێیوایە تێگەیشــتنی خێزانەکان هەڵەو پێچەوانەیە.

یوســف فەلاح، بــۆ (نەوژیــن) وتی: «حێزانــەکان لەلای خۆیانەوە نیەتێکی باشیان هەیە، بەڵام ئەم کارەیان دەبێتە هۆی ئەوەی کچان کەم شــارەزا ببن و بەشــێکیان بەوهۆیەوە توشــی گرێ و نەخۆشــی دەرونی دەبنەوە، ئەوانەشی بەرگە دەگرن دواتــر لەژیانیان دا هەر رەنگ دەداتەوە».

توێــژەرە دەرونییەکــە پێیوایە دەزگا و لایەنە رۆشــنبیریەکان دەبێت بوارە جیــاوازەکان بە خێزانەکان بناســێنن و دیــوی جوانــی ئەوانە پیشــان بە خێزانەکان بدەن، تاوەکــو حێزانەکان چیتر ڕێگری لە کچان نەکەن لە شــوێن کەوتنی خەون و ئاواتەکانیان.

حاڵەتەکە کاتێک دەبێتە کێشــەی زەق و دیار، ئەویش کچانێک کە ناچارکراون بەشێک بخوێنن، پاش ئەو خوێندنە نە بەباشی لەو بوارە فێردەبن و نەدەشتوانن بەرەوپێشەوەچون و داهێنانێک بکەن.

شــیرین، جەختی لەم قسەیە کردەوەو وتی: «من نابم بەهیچ، چونکە بێبەشبوم لە ئامانجی ژیانم»

(میوان)یش بە نیگەرانیەوە دەپرسێت: «ئەوا بوم بە مامۆســتا و داشمەزرام، چ ســودێکی هەیە کە لەم بەشەدا هیچ فێرنەبومە؟»

بــە خەمباریەکی قوڵــەوە، (تارا) ئەم قسەیەی بۆ وتەی هاوڕێکانی سەربارکرد «خۆزگە کۆمەڵگە و ئەقڵی تاکی ئێمە دەگەشــت بەو ئاســتەی کە هیچ کات و بە هیچ پاســاوێک، هیچ کەســێک نە دەبــوە ڕێگر لەبەردەم بەدیهێنانی حەز و خولیای ئێمەی کچان».

# ئەو خوێندنەی سودی بە کچانی لادێنشین نەگەیاند



**کچانی لادێنشین خەمەکانی دوای تەواوکردنی خوێندن بۆ ئامادەکاری ڕاپۆرت دەگێڕنەوە**

▪ نەوژین، لەیلا ئەحمەد*

**شەرمین، بەکولەمەرگیی و هەژارییەکی زۆرەوە قۆناغەکانی خوێندنی بڕی، قۆناغێک کە بەهۆی دەستکورتییەوە هیچکام لە ئەندامانی خێزانەکەی نەیانتوانی تەواوی بکەن، بەڵام پاش ئەو هەمو ساڵ و رەنجە، ئێستا سەری بەر دیواری نەبونی دەرفەتی دامەزراندن و کار کەوتوە و بەتەواوی بیئومێدی کردوە لە ژیان.**

چیرۆکی ئەم کچە، رەنگە لە کۆمەڵگای ئێمەدا لەگەرمیان، ســەدان هاوشێوەی هەبێت، کاتێک ساڵانێکی زۆری خۆیان و رەنجێکی زۆرتری خۆیان و خەرجیەکی زۆر زیاتری خێزانەکەیان لە پرۆسەیەکدا خەرج دەکەن، کە دواتر لەڕێگەیەوە بەو ئومێدانە ناگەن کە بۆ ژیان هەیانبوە.

ئەگەر کچانی دانیشــتوی نێو شارەکان درفەتی کەرتی تایبەت و کاری دیکەیان لەبەردەســتدا هەبێت، ئەوا بۆ ئەوانەی لەلادێ نیشــتەجێن، بارەکە زۆر قورس و ئاڵۆز ترە.

بەشــێکی بەرچاو لەکچانــی دەرچوی زانکــۆ و پەیمانگا لە گوندەکان، ئاماژە بەوەدەکەن کە نەبونــی دامەزراندن و دەرفەتی کار و خزانە نێو کونجی ماڵەوە، بەرادەیەکی زۆر بێزاری کردون.

شــیلان، ٢٦ ســاڵ، ناوی خــوازراوی کچێکی دەرچــوی زانکۆیە، بەچاوە پڕ لەفرمێســکەکانیەوە بۆ (نەوژین) وتی: «مەگەر خوا بزانێت بە زستان و هاوین چــۆن خوێندنم تەواو کرد، چەند ماندو دەبوم، بەڵام هەر دڵخۆشــبوم، چونکە دەمــوت لــەدوا رۆژدا داهاتم دەبێت و خۆش دەژیم، کەچی ئەوەی دەمخواست بەدیی نەهات».

هەندێک لــەو کچە دەرچوانــە، ئاماژە بەوەدەکەن کاتێک بــێ ئومێد بون لە دامەزراندن، ویســتویانە بــە کارکردن قەرەبــوی بکەنەوە و هەوڵبدەن خۆیان بخەنە ســەر شارێی ژیان، بەڵام لەوێش ڕێگرییان بۆ هاتوەتە پێش.

هێشــو، ٢٥ ســاڵ، دەرچوی بەشــی کارگێڕیــە و بێــکارە، بــۆ (نەوژین) دەڵێت: «کاتێــک منالٚبوم ئارەزوم لە درومان و کاری دەستی چنین و رستن بو و بــەردەوام پێیانەوە خەریک بوم، کــە گەورەبــوم پیشــەکەم لەبیر کرد و بەخوێندنــەوە خەریکبــوم، هیــواو ئاواتەکانم ئەوە بو بڕوانامە بەدەســت بێنــم و دابمەزرێــم و لــەم گونــدە بڕۆمە دەرەوە، چونکە توشــی قسە و سەرزەنشــتی زۆر بوم لەلایەن خزم و دەوروبەرەوە دەیــان وت بۆ دەخوێنی بۆچیتە، بەڵام ســوربوم لەسەر ئەوەی ببمە خاوەن بڕوانامە».

بــەڵام کە بو بە خاوەنــی بڕوانامە، نە توانی ئومێدەکــەی بەدیی بێنێت و نە توانج و قسەوقســەڵۆکەکانی سەریشی کۆتایی هات «خزم و دەوروبەرم ئێستا پێم دەڵێن خوێندنەکەت بەزایە چوە».

ئــەو باس لەوەش دەکات کە بۆ ئەوەی بە بێکار نەمێنێتەوە، گەڕاوەتەوە سەر ئەو پیشــەیەی بە منالی حەزی لێبوە کە کاری دەستییە، بەڵام هاوسەرەکەی ڕێگریــی لێکــردوەو بەناچــاری دەستبەرداری بوە.

چیرۆکــی ســێیەمی ئــەم راپۆرتــە، چیرۆکێکــی غەمگین تــرە، هی کچێک کە بە هەژاریی و دەســتکورتیەکی زۆر ژیاوەو خۆی و خێزانەکەی زۆریان رەنج داوە بۆ ئەوەی خوێنــدن تەواو بکات، بــەڵام دوای ئەو هەمو رەنجە، ئێســتا بێکار لەماڵەوە دانیشتوە.

شــەرمین، ناوی خوازراوی ئەو کچەیە کە تەمەنی ٢٨ ساڵەو پەیمانگای تەواو کردوە، بۆ (نەوژین) وتی: «بەهەتیوی گەورە بوم، بەهۆی ئەوەشەوە کە باری داراییمــان خراپ بو، هیچ خوشــکێکم خوێندنــی تەواو نەکــردوە من نەبێت، منیش بــە کولەمەرگی ژیاوم بۆ ئەوەی بخوێنــم، کەچــی دوای دەرچونم هیچ کارێکم بۆ دەستگیر نەبوە».

ئەم هەمو چیرۆکە نــاکام و غەمگینە، بــەلای چالاکوانێکەوە دەشــێت ببنە هۆکارێــک بــۆ ئــەوەی خاوەنەکانیان روبــەڕوی نەخۆشــیی و گرێی دەرونی ببنەوە.

ناســک واحیــد، بە (نەوژیــن)ی وت: «کچان کــە دوای تەواوبونی خوێندن دانامەزرێــن و دەرفەتــی کارکردنیان نابێت، توشــی داڕوخــان و بێهیوایی و بێــزاری دەبــن و حاڵەتی دەرونییان ناجێگیر دەبێت».

ئەو چالاکوانە مەترســیی ئەوەی هەیە کە ئەم بێهیواییە وا لەخێزانەکان بکات، ڕێگە بەکچەکانی دیکەیان نەدەن درێژە بە خوێندن بدەن.

لەگەڵ ئەوەشدا (ناســک) پێیوابو کە بێهیوایی و خەمخــواردن، کچان بەهیچ ناگەیەنێــت، بەڵکو واباشــترە لەبری ئەوە کار لەســەر ئەو بەهرانە بکەن کە هەیانەو هەوڵبدەن پێوەی خەریک بن و هەرکارێک ئەگەر بچوک و سنورداریش بێت بیکەن، بۆ ئەوەی هەنگاو بەهەنگاو تیایدا بچنە پێشــەوەو بکەونە ســەری ڕێی ژیانێکی تەندروست.

* ئەندامــی تیمــی ڕێکخــراوی وادی ئەڵمانی لەگەرمیان

# ئینستاگرام و سناپ چات برەویان لای کچان زیاترە




زۆرتر لە تۆڕی ئینستاگرام وێنەی کەسیی بڵاودەکەمەوە

زۆر مرۆڤی دەروننەخۆش لەپشتی کێبوردەوە خەریکی تۆقاندنی کچانن

■ نەوژین، سازان مستەفا

**بەشێکی بەرچاو لە کچانی بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاماژە بەوەدەکەن کە چیتر ناترسن لە بڵاوکردنەوەی وێنەی کەسیی خۆیان هاوشێوەی کوڕان، بەڵام وادیارە هێشتا بە دڵێکی تەواو ئاسودەوە ئەو کارە ناکەن.**

لەگەڵ پەرەسەندنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆ بەتایبەتی هی کەسیی و لە بۆنە و شوێن و کاتە جیاوازەکان، لە دیارترین ئەو چالاکیانەن کە بەکارهێنەری ئەو تۆڕانە دەیکەن، بەشێوەیەک بەپێی داتانی خودی کۆمپانیای فەیسبوک، رۆژانە (٢) ملیار وێنە لە خزمەتگوزاریەکانی فەیسبوک و ئینستاگرام و ماسنجەر و واتس ئاپ بڵاودەکرێنەوە و بەکاردەهێنرێن.

بەڵام بەهۆی ئەوبارە کۆمەڵایەتییەی هەیە، کچان کەمتر ئازادن لە بڵاوکردنەوەی وێنە کەسیی و خێزانییەکانیان، ئەگەرچی هەندێکیان بڕیاریانداوە ئەو کۆتە بشکێنن.

تاڤگە عومەر، ٢٤ ساڵ، دەرچوی زانکۆیەو کارمەندی کەرتی تایبەتە، باس لەوەدەکات کە نە دەترسێت و نە شەرم دەکات لە بڵاوکردنەوەی وێنەکانی.

وتی: «من وێنە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێم و تا ئێستاش توشی هیچ قسە و کێشەیەک نەبووم چ لە دەرەوە و چ لە لایەن خێزانەوە بێت، چونکە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر تێگەشتن و ئازادیی تاکە کەسی».

بەڵام بەپێچەوانەوە، (فرمێسک) بەجۆرێک لە حەزەرکردن و دودڵیەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتەدا دەکات.

ئەو کە دەرچوی زانکۆیە و تەمەنی ٢٥ ساڵە، بۆ (نەوژین) وتی: «دانانی وێنە لە ئەکاوەنتی کەسیی شتێکی ئاساییە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئایا کۆمەڵگە ئەوەی پێ ئاساییە؟».

ئەو کچە دودڵە لەوەی کە زۆرجار وێنەکان مامەڵەی خراپیان لەگەڵ دەکرێت و بۆ شکاندنی کەسایەتی خاوەنەکەی بەکاری دێنن.

میعاد عوسمان، کچە خوێندکارێکی زانکۆی تەمەن ٢١ ساڵە، هەمان ترس و نیگەرانیی (فرمێسک)ی هەیە لەبارەی بڵاوکردنەوەی وێنەکانی.

وتی: «بڵاوبونەوەی وێنەی تایبەتی زۆرجار کێشەی لێکەوتوەتەوە، بۆیە پێمباش نییە بەو بەرفراوانییە وێنەی کەسیی بەتایبەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە کراوەکان دا بڵاو بکەمەوە».

هەندێک لە کچان بۆ بڵاوکردنەوەی وێنە کەسییەکانیان، رێگەی جیاوازیان گرتوەتەبەر، بەشێوەیەک لە هەندێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا وێنەی خۆیان پۆست ناکەن و ئەو کارە دادەنێن بۆ تۆڕی دیکە کە رێژەو ئاستی پارێزراویی کەسێتیی زۆرترە.

ئاڵا محەمەد، ٢٤ ساڵ، دەرچوی پەیمانگایە، بۆ ( نەوژین) وتی: «من زۆرجار وێنەی کەسیی بڵاودەکەمەوە، بەڵام زۆرتر لە تۆڕی ئینستاگرام، چونکە ئەو تۆڕە توانای سنوردارکردنی هاوڕێکانی باشترە و کەمتر مەترسی ئەوەی لێدەکرێت وێنەی لێببرێت لەلایەن کەسانی نەفس نزمەوە و بۆ کاری دیکە بەکاربهێنرێن».

ئەو کچە پێشیوایە ئەم مەسەلە ئەگەر لە روکەشدا وەکو حاڵەتێکی کەسیی دەربکەوێت، بەڵام پێشینەیەکی قوڵی کۆمەڵایەتیی هەیە و دەرخەری ئاستی ناروشنبیری ئەو کەسانەیە کە پەنا بۆ خراپ بەکارهێنانی وێنەی کچان و هەڕەشە لێکردنیان دەبەن.

فرمێسک، لەم خاڵەدا هاوڕای (ئاڵا) یەو دەڵێت: «ئێمە لە کۆمەڵگایەک داین چەند مرۆڤی رۆشنبیری تیایە ئەوەندەش مروڤی دەروننەخۆش کە خۆی حەشارداوە بەشێوەیەکی زۆر ترسناک و لەپشتی کێبوردەوە خەریکی هەڕەشە و تۆقاندنی کچانن».

هەروەک ئۆباڵیشی خستە سەر کۆمەڵگا کە بەوتەی خۆی کاتێک وێنەی کچان دەبرێت و دەستکاریی دەکرێت بۆ کاری نەشیاو، لەبری لۆمەی کەسەکە، کەچی لۆمەو رەخنە لە کچەکە دەگیرێت و مەترسی دەکەوێتە سەر ژیانی.

بەڵام بەرای کچێکی دیکە، هۆکاری خۆبێبەشکردنی کچان لە بڵاوکردنەوەی وێنە کەسیەکانیان، بە پلەی یەکەم بۆ ترس لە ناڕەزایەتی خێزانەکان دەگەڕێتەوە.

هێلین سەلام، خوێندکاری زانکۆ، ٢٠ ساڵ، بۆ (نەوژین) وتی: «من وێنەی خۆم بڵاودەکەمەوە چونکە خێزانەکەم هیچ کیشەکیان نیە و ئازادییان پێداوم، هەر ئەم ئازادی ومتمانە و پاڵپشتیەی خێزانەکەم وایان لێکردوم کە بەبێ ترس وێنەی خوم بڵاوبکەمەوە».

# ژنان «جادەی جەڵتەکە» ئاوەدان دەکەنەوە

■ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

**سەرەڕای بوونی هۆڵەکانی وەرزش و لەشجوانی، ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنانی کەلار بۆ کرنگییدان بەلایەنی تەندروستییان، شەقامێکی شارەکەیان کردوە بە جێگەی پیاسەو بە رێ رۆشتنیان.**

«جادەی جەڵتەکە»، ناوە ناسراوەکەی ئەو شەقامەیە کە دەکەوێتە پشت گەڕەکی ئەندازیاران و دەچێتەوە سەر شەقامی پشتێنەیی. دەمەو ئێواران لەلایەن ژنانەوە دەکرێتە شەقامێکی قەرەباڵەغ و ئاوا، ئەویش کاتێک پۆل پۆل بەمەبەستی بەرێ رۆیشتن و پیاسەکردن رو لەوێ دەکەن.

بەشێکی بەرچاو لەو ژنانە، باشترکردنی دۆخی تەندروستی جەستە و دەرونیان بە هۆکاری ئەو کارەیان دەزانن.

هێرۆ فایەق، ٢٩ ساڵ، یەکێکە لەوانەی زۆربەی رۆژەکان بۆ پیاسەکردن رو لەو شەقامە دەکات. بۆ (نەوژین) وتی: «کێشم زۆر بو، شەوانە لەگەڵ چەند کچێکی هاوڕێم دەچم بۆپیاسەکردن، جگە لەکەمبونەوەی کێشم دەرونیشم ئاسودە دەبێت».

وتیشی: «تاکە شوێنە کە ژنانی کەلار پیاسەی تێدا بکەن، چونکە کەمتر ئۆتۆمبێل پێی دا تێپەڕ دەبێت».

ئەگەر (هێرۆ) بەهۆکاری دابەزینی کێشی پیاسە بکات، ئەوا (پرشنگ) لەبەر ئازاری پشتی ئەو کارە دەکات.

ئەو کە تەمەنی ٣٩ ساڵە و ژنی ماڵەوەیە، وتی: «پشتم ئازاری زۆر بو بە جۆرێک لە رێکردنی خستم، ماوەی مانگێک پیاسەم کردوە سودی هەبوە، سەرەرای کەمبونی ئازارەکەم کێشم دابەزیوە».

شەقامەکە درێژیەکەی (١٧٥٥) مەترە و لەساڵی ٢٠١٦ لەلایەن شارەوانی کەلارەوە قیر کراوە، لەناو خەڵک دا پێی دەوترێت «جادەی جەڵدەکە«، هۆکاری ئەم ناونانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو کەسانەی کێشیان زۆرە دێن بۆ پیاسەکردن، بەمەش دور دەبن لەجەڵدەی دڵ یان هەر نەخۆشیەکی تر.

جەلان قادر، ٤٥ ساڵ، کە ژنی ماڵەوەیە، بە هۆکاری دابەزاندنی کێشی رو لەو شەقامە دەکات بۆ پیاسەکردن.

بۆ (نەوژین) وتی: «پێشتر کێشم ٩٧ کیلۆ بو، لەو کاتەوەی پیاسەدەکەم کێشم بوە بە ٨٣ کیلۆ».

رویەکی دیکەی پیاسەکردن لەم شەقامە ئەوەیە کە بەشێکی بەرچاوی ژنان بەهۆکاری دارایی، ناتوانن لە هۆڵە داخراوەکاندا وەرزش و یاری دابەزاندنی کێش و چەوری و هی تر ئەنجام بدەن.

جوانە ئەنوەر، ٢٢ ساڵ، خوێندکار، بۆ (نەوژین) وتی: «مانگانە ناتوانم کرێی هۆڵەکانی وەرزش بدەم، هەربۆیە لەگەڵ ماڵەوە دێم بۆ پیاسەکردن لێرە».

زۆربەی ژنان بۆچارەسەرکردنی کێشەی قەڵەوی پیاسەدەکەن، بەڵام وەک پزیشکێک ئاماژەی بۆ دەکات، پیاسەکردن جگە لە دابەزینی کێش، بەسودە بۆ چارەسەری زۆر نەخۆشی تر.



د. ئارام عەبدوڵڵا، پزیشکی پسپۆر لە نەشتەرگەریی گشتیی، لەوبارەوە بۆ (نەوژین) وتی: «پیاسەکردن هۆکارێکە بۆ زیادکردنی تەمەن، هێشتنەوەی کێش بەشێوەیەکی تەندروست، بەهێزکردنی ماسولکەکان و باش بونی باری دەرونی».

زیاتر روونیکردەوە: «بۆ چارەسەری نەخۆشیە درێژخایەنەکان بەسودە، وەکو: نەخۆشی دڵ، فشاری خوێن، شەکرە، کەمکردنەوەی ئەگەری توشبون بەنەخۆشی شێرپەنجە و کەمکردنەوەی چارەسەرە کیمیاییەکان».

ئەگەر چی ژنان بەشێوەیەکی هەڕەمەکیانە لە شەقام دا پیاسەدەکەن، بەڵام تائێستا گۆرەپانێک نیە تایبەت بێت بەوان بۆ ئەوەی وەرزشی تێدا بکەن، بۆچی؟

قەیس سەعدوڵڵا، بەڕێوەبەری وەرزش و لاوانی کەلار، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «هەرچەندە گۆرەپانێکی تایبەت نیە بۆئافرەتان، بەڵام بونی گۆرەپانێک نابێتە جێی ئومێدیان». پێشیوایە ئافرەتان خۆیان کەموکورتیان هەیە و نایەنە پێشەوە، چونکە وەکخۆی وتی: «وەرزش و لاوان تەنیا موڵکی رەگەزی نێر نیە».

# دایکان لە ماوەی زەیسانی دا چی بکەن؟

■ نەوژین، هاوناز حەمەڕەشید*

**زەیسانی، ئەو ماوەیەی دوای ئەوەی ژنان منداڵیان دەبێت، قۆناغێکی هەستیارە، کە هەندێک بنەمای تەندروستی هەیە پێویستە ژنان لەو کاتەدا ڕەچاوی بکەن بۆ ئەوەی نەکەونە ناو گێژاوی نەخۆشیی و کێشەی تەندروستییەوە.**

لەخـــوارەوە، هەندێـــک لـــەو هەنگاو و ڕێگایانە ڕون دەکەینەوە.

### ١. پاکوخاوێنی و خۆشتن

زۆر پێویســـتە لـــە پـــاش منداڵبون و هاتنـــەوە بۆ ماڵـــەوە، دایکەکە بچێتە گەرماو و خۆی بشـــوات، بەڵام دەبێت زۆر ئاگادار بێت سەرمای نەبێت و لەش و قژی بە باشی وشک بکاتەوە.

ئەو دایکانەی بە نەشتەرگەری منداڵیان بوە شوێنی نەشتەرگەریەکە داپۆشن بە باشـــی بۆ ئەوەی تەڕ نەبێت و دوربێت لە هەوکردن، بۆ ئەوانەی بە سروشـــتی منداڵیـــان بوە و تەقەڵیان هەیە، دەبێت زۆر بە وریایی بە دەســـت ئەو ناوچەیە پاک بکەنەوە و دەستی لێ نەخشێنن، بە هەمان شێوە بۆ وشککردنەوە شوێنەکە مەسڕن، بەڵکو تەنها کلێنسێکی لەسەر دابنێـــن و لایبەن، ئەمـــە یارمەتی زو چاکبونەوەی برینەکە دەدات.

### ٢. چاودێریکردنی مەمک

بۆ ئـــەو دایکانەی شـــیری سروشـــتی دەدەن، دورکەونـــەوە لـــە بەکارهێنانی سابون یان شـــامپۆی تایبەت بۆ گۆی مەمـــک، چونکە دەبێتـــە هۆی لابردنی ئەو چەورییە سروشـــتییەی کە لەسەر گۆی مەمـــک هەیە. هەوڵبدەن لە پێش و پاش شیرپێدان گۆی مەمکیان بشۆن تەنهـــا بە بەکارهێنانی ئـــاو، لە بەینی شـــیرپێدانەکاندا مەمکیان وشک بێت و ستیانی شل ببەستن.

بـــۆ ئەو دایکانەی شـــیری سروشـــتی نادەن، ســـتیانی توند ببەســـتن ئەمە ڕێگـــری دەکات لە دڵۆپەکردنی شـــیر، هەرکات هەســـتیان کرد مەمکیان ڕەق بوە و شیری تێدایە، بە دەست شیرەکە دەربهێنن تاوەکو توشـــی کێشـــەکانی مەمـــک نەبـــن وەک: (هەوکـــردن، گەڕانەوەی شیر و...هتد).

> باشتروایە کاتێک کۆرپەکە نوست دایکەکەش بنوێت

### ٣. چاودێری کردنی کۆئەندامی زاوزێ

دەســـت بشـــۆن لە پێش و پاش چون بـــۆ توالێـــت، بە ئاوی شـــلەتێن هەمو بەشـــەکانی بشـــۆن بەجۆرێک خوێنی پێوە نەمێنێت، پاشان وشکی بکەنەوە. هەوڵبدەن دو کاتژمێر جارێک ســـانتی بگـــۆڕن، باشـــتریش وایـــە لـــە دوای هەرجارێک چون بۆ توالێت بیگۆڕن.

### ٤. نوستن و پشودان

لـــە هەفتـــەی یەکەمی زەیســـانی دا، پێویســـتە کەســـێک یارمەتی دایکەکە بدات لـــە کاروباری ڕۆژانەی ماڵەوە دا، شـــتی قورس هەڵنەگرێت بـــە تایبەت ئەوانەی بە نەشتەرگەری منداڵیان بوە، بەڵکو دایکەکە تەنها گرنگی بە خۆی و کۆرپەکەی بدات.

وەک دەزانیـــن کۆرپە بە نزیکی ســـێ کاتژمێر جارێک پێویستی بە شیرپێدان و گۆڕینـــی دایبـــی هەیـــە، دایک وەک پێشـــتر ناتوانێت ٨ کاتژمێـــر بنوێت، بۆیە باشتروایە کاتێک کۆرپەکە نوست دایکەکـــەش بنوێت. هەروەهـــا ڕۆژانە بچۆرە دەرەوە و هـــەوای پاک هەڵمژە و هەرکات هەستت کرد بێتاقەتیت قسە لەگەڵ هاوسەرەکەت یان کەسێکی نزیک بکە.

### ٥. خواردن و خواردنەوە

ڕۆژانـــە پێویســـتت بـــە خواردنەوەی ٨ پـــەرداخ ئاو هەیـــە، ئەمە یارمەتی جوڵاندنـــی ئاســـایی ڕیخۆڵـــەکان و بەرهەمهێنانی شـــیر دەدات. باشـــترین دەرمانی سروشـــتی ڕەوانی و ڕێگری لە قەبزبـــون بریتیە لە میوەی پاک نەکراو بە تایبەت قۆخ و پرتەقاڵ.

باشـــتروایە پاش منداڵبون بە خواردنە شـــلەمەنیەکان دەســـت پێبکەن وەک شۆربا و ســـڵقاو، هەروەها سەوزەوات و میـــوە زۆر بخـــۆن و وەرزش بکەن و بجوڵێن، چونکە وەرزشـــکردن یارمەتی باشتر جوڵانی ڕیخۆڵەکان دەدات.

### ٦. ڕاوێژکـــردن دەربـــارەی پەیوەندی سێکسی

دایـــکان ڕەنگـــە دودڵ بـــن دەربارەی گەڕانـــەوەی پەیوەنـــدی سێکســـیان لەگـــەڵ هاوســـەرەکانیان. ماندوبون و ســـەرقاڵبون بە کۆرپەلەوە و ترس لە دوگیان بون و ئازاری کۆئەندامی زاوزێ، هەمـــو ئەمانە کاردەکەنە ســـەر حەزی سێکســـی دایکەکە، بەڵام باشترین کات بۆ ئەنجامدانەوەی پەیوەندیی سێکسی، لە دوای ٤٠ ڕۆژ لـــە منداڵبونەوەیە. بۆ ئەم حاڵەتەو هەروەها ڕێگاکانی ڕێگری لە دوگیانی، پێویستە ڕاوێژ بە پزیشک بکرێت.



* بەکالۆریۆس لە پەرســـتاری ژنان و منداڵبون

---

# ئەو هەڵە باوانەی دەبنە هۆی قژ هەڵوەرین

■ نەوژین، سێوە محەمەد

**هەڵوەرینی قژ گرفتێکە دەکرێت لەهەمو تەمەنێکدا توشی ببیت، ئەم گرفتەش بەشێوەیەکی گشتی لەناو ژنان دا زیاترە وەک لەپیاوان، بێگومان هۆکاری زۆر هەیە بۆ هەڵوەرینی قژ و ڕەنگە ڕۆژانە باسبکرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک هۆکاری دیکە هەن کە ڕەنگە هەرگیز بڕوانەکەیت هۆکارێک بێت بۆ قژ هەڵوەرین.**

هەڵوەرینی قژ یەکێکە لە کێشە باوەکان لەهەمـــو تەمەنێـــک هەیـــە، بەزۆریش لەتەمەنی (٢٠–٤٠ ) ســـاڵ یان (٢٥–٥٠) ســـاڵیدایە. ڕۆژانە ئاساییە (٥٠–١٥٠ ) تاڵ قـــژ هەڵبوەرێت، بەڵام لەوە زیاتر بو ئەوا پێویستە سەدانی پزیشکی پسپۆڕ بکەیت.

بەشـــێک لەهـــۆکارەکان هەڵوەرینی قژ ئەمانەن:

١. بۆماوەیی: ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لـــە هەڵوەرینی قـــژدا، بەتایبەت لەنێو پیاواندا هۆکاری ســـەرەکی هەڵوەرینە و چەند شـــێوەیەکی هەیە، لەبەشـــی پێشـــەوە و بەشی ســـەرەوەی قژەکە هەڵدەوەرێنێت یان بەشێوەیەکی گشتی لەپێشـــەوە بۆ دواوە بەتەواوەتی هەمو قژەکـــە هەڵدەوەرێت، بـــەڵام لە ژنان دا دەبێتـــە هۆی تەنکبونی موی ســـەر و هەرگیـــز نابێتە هـــۆی کەچەڵ بونی تەواوەتی.

٢. دەرونی: ســـەیری خۆت دەکەیت و هەســـت دەکەیت کەســـێکی ناشیرین یان شکســـت خواردوی، واتە دەرونیی خـــۆت مانـــدو دەکەیـــت و بـــەردەوام نائارامـــی و ڕقت لەخـــۆت دەبێتەوە، ئەمانەش هـــۆکارن بۆ هەڵوەرینی قژ و کاریگەریەکی سلبی دەبێت، چونکە ئەو بارە دەرونیە هەمو خۆراکە بەسودەکان هەڵدەمژێـــت و دەیگۆڕێـــت بۆ مادەی زیانبەخش، ئەمەش هۆکارە بۆ زیاتر قژ هەڵوەرین.

٣. ئـــەو نەخۆشـــیانەی بەهۆی کەمی ئاســـتی بەرگری لەشەوە توشی مرۆڤ دەبێت و کاریگەری تەواو دەخاتە سەر لەش، بەنمونەی (غودە و کەمی ئاستی خوێـــن)، هۆکارێکی دیکـــەن بۆ لاوازی و قـــژ هەڵوەرین، بـــەڵام بەپێچەوانەی ئەوەی کە هەندێک کەس دەڵێت لەکاتی دوگیانیدا قـــژ زۆر هەڵدەوەرێت، ئەمە وانییـــە، لەکاتی دوگیان بوندا موەکانی ســـەر دەچنـــەوە حاڵەتی پشـــوەوە و بەهێـــز دەبن، ڕاســـتەوخۆ دوای منداڵ بون موەکان زۆرتر هەڵدەوەرن.

تێکچونـــی هۆرمۆنـــەکان بەتایبەتـــی هۆرمۆنـــی (ئەندرۆجیـــن) هۆکارێکی گرنگـــە بـــۆ هەڵوەرینی قـــژ، زۆری و کەمی هۆرمۆنی (سایرۆید) دەبێتە هۆی هەڵوەرینی قژ.

٤. کەمـــی ئاســـن: ئاســـن یەکێکە لە ســـەرچاوە بەســـودەکان بـــۆ لەش و کەمبونەوەشی زیانی هەیە، بەشێوەیەکی گشـــتی یەکێک لەنیشانەکانیشـــی قژ هەڵوەرینـــە، ئـــەو کەســـانەی ڕێژەی ئاســـنیان کەمـــە دەکرێت ســـەوزە و گۆشت و هەمو ئەم پێکهاتانە بخۆن کە ئاسنیان زۆرە .

٥. شـــۆردنی قـــژ بەشـــێوەی ڕۆژانە: بەبڕوای پســـپۆڕان ئـــەوە دەبێتە هۆی وشـــکبونەوەی تاڵەکانی قژ و پێکهاتە ڤیتامینـــی و سروشـــتییەکانی خـــۆی لەدەســـت دەدات و دەبێتـــە هـــۆی هەڵوەرینی.

٦. خاوکردنەوەی قژ بە تەڕی: پێویستە بە ڕێژەی (٧٥٪) قژ وشـــک بوبێتەوە ئینجـــا خاوبکرێتەوە یـــان دابهێنریت، چونکە ئەوە فشاری لەسەر تاڵەکانی قژ دروست دەکات و دەبێتە هۆی پچڕانی.

هەروەهـــا بەکارهێنانی کرێم و جێڵ بۆ قژ کاریگەری ڕاستەوخۆی نییە و نابێتە هۆی هەڵوەرینی قژ وەک باسدەکرێت، بـــەڵام بەکارهێنانی بۆیـــەی قژ دەبێتە هـــۆی لاوازکردنی قـــژ و ڕەگ و قەدی تاڵەموەکە دەشکێنێت.

٧. وشککردنەوەی قژ بەپلەیەکی گەرمی بەرز: پسپۆڕان هۆشداری دەدەن لەوەی وشـــککردنەوەی قژ بە هەوای زۆر گەرم لەپێناو وشککردنەوە بە خێراترین کات، زیانێکی زۆر بە قژ دەگەیەنێت.

٨. بەکارهێنانـــی چارەســـەری زیـــاد لەپێویســـت: ئەمـــە هەمـــو شـــتێک دەگرێتەوە لە شـــامپۆ و ســـابون تاکو ڕەنـــگ و جوانـــکاری و بەکارهێنانـــی جۆرەها شتی دیکە.

٩. ڕەنگکردنـــی تەواوی قـــژ: ئەمەش کارێکـــی دیکەیـــە کـــە دەبێتـــە هۆی هەڵوەرینی قژ، چونکە کاریگەری زۆری لەسەر تەندروستی قژ دەبێت .

١٠. نەبڕینـــی قژ لەکاتی پێویســـت دا: بە بڕوای پســـپۆڕان ئەمـــەش هۆیەکی دیکەیـــە، چونکە قژ بـــۆ بەهێز مانەوە پێویستی بە بڕین هەیە، لانیکەم شەش مانگ جارێک پێویستە قژ ببڕێت.

> تێکچونی هۆرمۆنەکان هۆکارێکی گرنگە بۆ هەڵوەرینی قژ

> قژ بۆ بەهێز مانەوە پێویستی بە بڕین هەیە



# خانزادی میری سۆران




■ نەوژین، شاران بەرزنجی

**لە ڕابردودا و لە مێژوی گەلی کوردا چەند ژنێک هەبون کە شایستەی باس کردنن، یەکێک لەوانەش (خانزادی میری سۆرانە) کە لە مێژوی نەتەوەکەماندا ناوی دیار و جێ شانازییە.**

ناوی تەواوی ئەم خاتونە، (خانزادی شا قولـی بەگی میر سـولەیمان بەگی میر سـەیدی بەگی میری سـۆرانە) بەپێی کتێبی (شەرەفنامە)، (خانزاد خاتون) دەبێتـە (کچی میر سـولەیمانی میری سـۆران)، هەندێکیش دەڵێن خوشـکی بوە.

دوای ئەوەی (میر سـولەیمان بەگ) کە لە ساڵی١٥٩٠ بە پیلانێک لەسەر دەستی والی بەغداد ژەهر خوارد کرا، ئەم خاتونە جڵـەوی گرتە دەسـت و فەرمانڕەوایی سۆرانی دەکرد.

ژیانـی ئـەم خاتونە ئەفسـانە نییە و راسـتییە، ئەم خاتونە لە سـاڵەکانی ناوەڕاسـتی سـەدەی ١٦ی زاینیدا لە دایکبوە، لە کۆتایی هەمان سـەدە و لە ساڵی ١٥٩٧ کۆچی دوایی کردوە.

لە نێوان ئەو هەموە ناکۆکی و ململانێیەی نێوان میرنشـینەکان و کێشەو ئاڵۆزی شای ئێران و عوسمانیەکان توانیویەتی زۆر سـەرکەوتوانە فەرمانڕەوایەتـی میرنشـینیەکەی بـکات و سـنوری قەڵەمڕەویـی فـراوان بـکات، جگە لە دروسـتکردنی چەندین پـرۆژە و پرد و مزگەوت.

> (خانزاد خاتون) هێندە عەدل و ڕەوان بوە، خەڵکەکەی هەمو خۆشگوزەران بون

> لە ماوەی فەرمانڕەوایەتیدا خۆی و هەمو کاروبارەکانی ڕاپەڕاندوە

بـە پێـی نوسـراوە مێژوییـەکان ئەو کاتەی کـە (خانزادی میری سـۆران) فەرمانڕەوایی سۆرانی کردوە دانیشتوانی ناوچەی سـۆران و بەتایبەت هەریر زۆر خۆشـگوزەران بـون، هەروەکچـۆن لە چوارینە و شیعرە فۆلکلۆرییەکاندا ناوی هاتوەو وتراوە:

هەتا خانزاد خانزاد بو، خانزادی سۆران میر بو
بەردی بەسـتان پەنیر بو، ئاوی روباران شیر بو

واتـە حوکمی (خانـزاد خاتون) هێندە عەدل و رەوان بـوە، خەڵکەکەی هەمو خۆشگوزەران بون.

لە ماوەی حەوت ساڵی فەرمانڕەوایەتیدا، خۆی کاروباری میرنشینەکەی لەئەستۆ گرتوە و هەمو کاروبارەکانی راپەڕاندوە، لەو ماوەیەشـدا چەندین مزگەوت و قەڵا و خوێندنگا لەسەر فەرمان و بڕیاری ئەو دروسـتکراون، شـوێنەواری هەندێکیان تاوەکـو ئێسـتا ماوەتـەوە لەوانەش: (گەلی خانزاد، کۆنـە دیوار، وێنەکەی چیـای هەریر، قەڵای خانـزاد لە نێوان پیرمام و شاری هەولێر).

هەرچەنـدە کتێـب و نوسـینەکان لە سـەر ئەم خاتونە کەمن، بـەڵام ژیان و تێکۆشـان و قەڵا و شـوێنەوارەکانی هێشتا لە کوردستان ماون.

دوای ئـەوەی (میر سـولەیمان بەگ) بە پیلانـی (لەشـکری) لەناودەچێت، چەند کەسـێک هەواڵی پلانگێڕییەکەی (لەشکری) بە خاتونە خانزاد دەگەیەنن، بۆیە (لەشکری) لە ترسی خانزاد خاتون و خەڵکـی ناگەڕێتەوە بۆ هەریر، بەڵکو لەگەڵ داروودەسـتەکەی سـەری خۆیان هەڵدەگرن بەرەو ناوچەی شـنگال بەرێ دەکەون و لەوێ دەمێننەوە.

خاتونە خانزاد ویستویەتی تۆڵەی براکەی لـێ بکاتەوە بۆیە نامەیـەک بە (مەلای هەریـر) دەنوسـێت بۆ (لەشـکری) و دەڵێت: «هەریر و سـوپای سۆران بێ تۆ شـپرزەیە و میرایەتی سۆران بە من ناکرێت، خۆت شـیاوی ئـەو مەنزڵەی، بۆیە داوات لێدەکەم هەر بە گەیشـتنی ئەم نامەیە دەسـتبەجێ بگەڕێیتەوە بۆ هەریر، خۆزگەی رابردویشـت جێبەجێ دەکەم و تاوەکو ئێستایش لە تۆ شیاوترم نەدۆزیوەتەوە ببێتە هاوسەرم».

هەرکـە نامەکـە دەگاتـە دەسـتی (لەشـکری) دەسـتبەجێ دەگەڕێتەوە بـۆ هەریر، هەرچەندە داروودەسـتەکەی ئـاگاداری دەکەنەوە کە ئەو نامەیە فێڵ و پیلانـە بۆ تۆڵە کردنـەوە لێی، بەڵام (لەشـکری) بەهۆی وشـەی میرایەتی سـۆران و ئەوینی خاتونـە خانزاد و بە دەستهێنانی، دەسـتبەجێ لەگەڵ سەد سوار چاک دەگەڕێنەوە بۆ هەریر.

کاتێک هەواڵی گەیشـتنی (لەشـکری) دەگاتە خانزادە خاتون، بە خۆی و سەد پیاو ماقوڵ پێشـوازی لە (لەشکری) و داروودەسـتەکەی دەکەن و بەرەو ماڵی خۆیـان دەیانبەنـەوە، هەر ئـەو کاتە خاتونە خانزاد بانگی مەلا دەکات و خۆی و (لەشکری) لە یەک مارە دەکات، بەڵام گواستنەوە دوا دەخات بە بیانوی ئەوەی هێشـتا جلی رەشـی لەبەردایـە لەبەر مردنـی براکەی و دواتـر لەبەر خەڵکی هەریر نابێت گواستنەوە بکەن.

بـەڵام سـەر لـە بەیانـی رۆژی دواتر جلی سـور لەبەر دەکات و (لەشکری) دەبەسـتنەوە و بەرامبەر خاتونە خانزاد چۆک دادەدات، بـۆی دەردەکەوێت کە ئەوە پیلان بوەو رۆژی تۆڵە کردنەوەیە، لـە دوای دادگایی کردنێکی سـەر پێی بەرامبـەر خەڵکی هەریر، (لەشـکری) دەگەیەنێتە سزای خۆی.

# بەم ڕێگایانە یارمەتی گەشەکردنێکی دروستی مناڵەکەت بدە

■ نەوژین

**هەشت ساڵی یەکەمی ژیانی مناڵ زۆر گرنگ و سەرەکییە، چونکە ئەو ماوەیە بڕیار لەسەر تەندروستی مناڵ و گەشەکردنی و دواتر پەروەردەی خوێندنگای و هەمو ژیانی بە شێوەیەکی گشتی دەدات و بەپێی ئەوە شێوە دەگرێت.**



لێکۆڵینـەوەکان دڵنیامـان دەکەنەوە کە ٨ سـاڵی سـەرەتای ژیانـی مناڵ بـە گرنگتریـن کات دادەنرێـن لە روی گەشەکردنی مێشـکەوە ، لەکاتێکدا کە ٣ سـاڵی یەکەمی ژیانی بـە گرنگترین کات دادەنرێت لە دروستکردنی شێوە و پێکهاتەی مێشکیدا.

کەواتا بابپرسین: کامانەن ئەو ڕێگایانەی کـە یارمەتـی منـاڵان دەدەن کـە بە شێوەیەکی باش گەشە بکەن؟

سـەرەتای سـاڵانی تەمەنی مناڵ زۆر گرنگە بۆ گەشـەکردنی مێشک، چونکە زۆربەی ئەوەی کە مناڵ هەستی پێدەکات لەم ماوەیەدا کاریگەری دەبێت لەسـەر دروسـتکردنی مێشکی و رایدەهێنێت بۆ بیرکردنەوە و هەسـت کردن و جوڵە و فێربون.

لە یەکەم سـاتەکانی لەدایکبونیانەوە، منـاڵان بـە خێراییەکـی زۆر فێردەبن، بەشێوەیەک ئەوان دەتوانن بەشێوەیەکی خێراتـر گەورەببـن و فێرببن، ئەمەش کاتێک خێزان و بەخێوکەر خۆشەویستی و گرنگی بە مناڵەکانیان دەدەن وهانیان دەدەن و هەروەهـا خواردنـی بـاش و چاودێـری تەندروسـتی و پاراسـتنی گونجاویان بۆ دابین دەکەن.

هاندانی مناڵان بۆ یاریکردن یارمەتییان دەدات بۆ گەشەکردن لە روی کۆمەڵایەتی و سۆزداری و جەستەیی و رۆشنبیرییەوە، هەروەهـا یارمەتیان دەدات بۆ باشـتر ئامادەبون لە خوێندنگا.

مناڵان فێری چۆنێتی هەڵسوکەوت دەبن لە ڕێگەی لاساییکردنەوەی کەسەکان بە تایبەتی ئەوانـەی نزیکن لێیان لە روی کۆمەڵایەتی و سۆزدارییەوە.

دەسـتکردن بـە خوێنـدن لـە کاتی گونجـاودا زۆر گرنگە بـۆ بەردەوامیدان بـە گەشـەکردنی دروسـتی منـاڵ، پشـتگیریکردنی خێزان و بەخێوکەر و مامۆسـتایان و کۆمەڵگەی ناوخۆیی لەم روەوە، جێکەوتـەو کاریگەریی باشـی دەبێت و هانی مناڵ دەدات بۆ ئەوەی لە گەشەی دا سەرکەوتو بێت.

مناڵ بە شێوازێکی گشتی بە یەک شێوە گەشـەدەکەن، بەڵام خێرایی گەشـەی هەر مناڵێک جیاوازە لە مناڵێکی دیکە، واتـا راسـتە هەمویان گەشـەدەکەن، بـەڵام چیەتـی و جۆر و ئاسـتی ئەم گەشـەکردنە جیاوازەو دەگۆڕێت. هەمو مناڵێـک بەرژەوەندی و بـاری دەرونی تایبەت بەخۆی هەیە، هەروەها شێوازی کاردانـەوەی لە کۆمەڵگە و خواسـتی فێربونـی جیـاوازە، ئـەم جیاوازیی و تایبەتمەندیـەش، رۆڵـی دەبێـت لـە چۆنیەتی گەشەکردنەکەی دا.

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:
سازان مستەفا

## دەربارەی نەوژین

نەوژیـن، رۆژنامەیەکـی سـەربەخۆی تایبەتمەندە بە پرسەکانی ژنان، مانگانە لەلایـەن رادیـۆی دەنگ لـە گەرمیان بڵاودەکرێتەوە.

یەکـەم ژمـارەی لـە ٢٠١٦/١٢/٢٦ دەرچوە.

رادیۆی دەنـگ، پرۆژەیەکـی میدیایی سـەربەخۆیە لە ناوچـەی گەرمیان، لە (٢٠١٠)ەوە بـە پەخشـی رادیۆیەکـی لۆکاڵـی دەسـتی پێکردوەو پاشـان وێبسایتێکی داناوە.

رۆژنامـەی (نەوژیـن) یەکێکـە لـە چالاکیەکانـی پرۆژەی رادیـۆی دەنگ بە پاڵپشـتی سـندوقی نیشـتمانی بۆ دیموکراسی (NED) ئەمریکی.

رۆژنامەنوسانی ئەم رۆژنامەیە، ژمارەیەک کچـن کەپێشـتر خولێکـی راهێنانیان لەلایەن رادیۆی دەنگەوە بۆئەنجامدراوەو زۆرینەیان پێشـتر کاری رۆژنامەوانییان نەکردوە.

بۆ پەیوەندیکردن بە رۆژنامەکەوە

تەلەفۆن:
٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

ئیمەیڵ:
nawzhinnewspaper@gmail.com

فەیسبوک:
nawzhinnewspaper

دەتوانن لەماڵپەڕی رادیۆی دەنگ کۆپی ئیلیکترۆنی ژمارەکانی رۆژنامەکە ببینن

www.radiodang.org

# «با بەکارهێنانی چەتر لە هاوین بکەینە کەلتور»



■ نەوژین

**لەکەلار ژنێک بۆ خۆپاراستن لەگەرمای بەتینی هاوین چەتر هەڵدەدات و داواش دەکات کە ئەم کارە بکرێتە کەلتور و گوێ بە پلار و توانجی کۆمەڵگە نەدرێت.**

ئێستا لەگەرمیان پلەکانی گەرما بە رادەیەکی بێزارکەر بەرزن، ئەمەش وادەکات خەمی پاراستنی تەندروستی و بەتایبەت خۆپارێزیی لە تیشکی خۆر، ببێتە خەمێکی سەرەکی، هەر ئەم خاڵەش وای لە ژنێک کردوە بۆ خۆپاراستن، پەنا بۆ بەکارهێنانی چەتر ببات، لەهەنگاوێکدا یەکەمجارە ژنێک بە ئاشکرایی ئەنجامیی دەدات و رایدەگەیەنێت.

ئاڵا تەها «ئاڵا جاف»، ئەو ژنەی بڕیاری داوە بۆ خۆپاراستن لە تیشکی خۆر چەتر هەڵبکات، لەبارەی هەنگاوەکەیەوە بۆ (نەوژین) وتی: بەمەبەستی خۆپاراستن لە زیانەکانی تیکشی خۆر، هەموان پێویستمان بە هەڵکردنی چەترە لە وەرزی هاوین دا.

زیاتر رونیکردەوە: «وەکچۆن لە وەرزی زستان دا پێویستیمان بە چەترە بۆ خۆپاراستن لە باران و تەڕ بون، ئاواش لە هاویندا پێویستمان پێیەتی بۆ خۆپاراستن لە گەرما و تیشکی خۆر».

بیرۆکەی بەکارهێنانی چەتر لە هاویندا، ئەگەرچی لە وڵاتانی دیکە مێژویەکی دوری هەیە، بەڵام لە کوردستان و بەتایبەت لەگەرمیان، هیچ زانیاریەکی پشتراستکراوە لەبەردەست دا نییە لەبارەی بەکارهێنانی لە رابردودا، بەڵام ماوەی چەندساڵێکە و بەتایبەتی لەگەرمیان، هەندێک لە هاوڵاتیان دەستیان بە بەکارهێنانی چەتر کردوە لە وەرزی هاوین دا.

جیهاد دەلۆیی، نوسەر و رۆژنامەنوس، بەیەکەم کەس هەژمار دەکرێت کە لە گەرمیان بیرۆکەی بەکارهێنانی چەتری لەهاویندا خستە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئەو بە (رادیۆی دەنگ)ی وتوە: رەنگە بیرۆکەکە هی من نەبێت و من یەکەم کەس نەبوبم بیرم لەمە کردوەتەوە، بەڵام دەتوانم بڵێم من یەکەم کەسم کە لە گەرمیان جێبەجێمکرد و ئێستاش رۆژانە لەهاویندا چەتر هەڵدەدەم بۆ خۆپاراستنم لە گەرما.

ئەم بیرۆکەیەی دەلۆیی، ئەو کچە جافەی هانداوە بۆ ئەوەی چاوی لێبکات و وەکو یەکەم ژن چەتر لەهاویندا هەڵبکات و هانی ژنانی دیکەش بدات بۆ ئەو کارە.

لەوبارەوە، (ئاڵا تەها) وتی: «وەکو ژنێک پاڵپشتی لە بیرۆکەی نوسەر و رۆژنامەنوس (جیهاد دەلۆیی) دەکەم کە هەستاوە بەجێبەجێکردنی هەڵکردنی چەتر لەهاویندا».

دەشڵێت: «رەنگە ئەم کارە بیرۆکەی زۆربەمان بوبێت، بەڵام لەبەر توانج و پلاری کۆمەڵایەتی نەمانتوانیبێت لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێی بکەین و پێی هەستین».

زۆرجار ئەم هەنگاو و کارانە، لەروە کۆمەڵایەتییەکەوە لێکدانەوەی خراپی بۆ دەکرێت و وەکو کارێکی ئاسایی سەیر ناکرێت، هەربۆیە ئەنجامدەرانی روبەڕوی پلار و توانجی کۆمەڵگا دەبنەوە.

لەوبارەوە (ئاڵا) وتی: «ئەم کارەی من کردومە، شتێکی نوێ نییە، بەڵام لەکۆمەڵگای ئێمە هەمیشە هەمو شتەکان کراون بە عەیبە، بۆیە وەک بەرەنگاربونەوەیەکی ئەم عەیبەیە، هەستاوم بە بەکارهێنانی چەتر و پێویستیشە نەریتە چەقبەستوەکان نەهێڵین».

لەبارەی ئەوەی ئەم پلار و رێگریانە تاچەند کاردەکاتە سەر ژنان و ناهێڵێت ئەوەی گرنگە بۆ ژیان و تەندروستی خۆیان بیکەن، (ئاڵا تەها) وتی: پێویستە ئەم حاڵەتە بە ئاسایی وەربگیرێت، چونکە قازانجی تەندروستی هەیە بۆ تاکەکان».

وتیشی: «هەر لێرەوەش داوا لەسەرجەم ژنان دەکەم بەتایبەتی ژنانی گەرمیان، کە گوێ بە توانج و قسەو قسەلۆک نەدەن و لەبەر خۆپاراستنیان لە تینی بەهێزی خۆر و زیانەکانی، چەتر هەڵبکەن و با ئەم کارەش بکەین بە کەلتور و نەریتێکی جوان و بەردەوام».

# وەرزی نمایشی توانا هونەرییەکانی کچانی شێوەکار

■ نەوژین

**هاوینان و پاش دەستپێکردنی پشوی خوێندن، وەرزی نمایشکردنی بەهرەی کچانی وێنەکێش لە سەنتەری چالاکی گەنجانی کەلار دەستپێدەکات.**

لە بەشی شێوەکاریی سەنتەرەکەدا، ژمارەیەکی بەرچاو کچی بەهرەمەند هەن کە تواناکانیان لە بواری هونەری شێوەکارییدا پەرە پێدەدەن.

لەم ماوەیەی رابردودا، کچانی شێوەکار هەستان بە گواستنەوەی ئەزمونی وێنەکێشانیان لەسەر روپەڕی کاغەز و خامەوە بۆسەر دیوار، بۆ ئەم مەبەستەش، دیواری ناو بینای سەنتەری گەنجانی کەلاریان بەچەندین تابلۆ و وێنەی جیاواز رازاندەوە، کەلەخوارەوە نمونەی هەندێک لەو کارانەیان دەخەینەڕو.







